




هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ گوڵان:

# عێراق لە دۆخێکی قەیراناویدایە و قەیرانەکەش بەرەنجامی هەژانی تەوافوقاتی سیاسییە و تائێستا هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەر دیار نییە

**عێراق بە قۆناخێکی هەستیار و مەترسیدار تێدەپەڕێت، لەنێو پێکهاتە سیاسییە سەرەکیەکانی وڵاتدا هەست بە نەبوونی متمانەیەکی زۆر دەکرێت، ئەمەش بەراشکاوی بۆتە هۆکاری ئەوەی بنەمای تەوافوق و شەراکەت لەنێو پێکهاتەکان بلەرزێت و ئەگەری چەندین مەترسی بێتە ئاراوە، هەروەها لە ئێستای عێراقدا هەست بە سیاسەتی جیاکاری مەزهەبی و نەتەوەیی دەکرێت و هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی هەندێك پێکهاتە بکەونە پەراوێزی پرۆسە سیاسییەکە، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداش کۆمەڵێك کێشەی گرنگ هەن کە تائێستا هیچیان چارەسەر نەکراون و هەوڵی جددی لەلایەن حکومەتەوە نابینرێت بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دراوسێ، حکومەتی ئێستای عێراق لەگەڵ تورکیا پەیوەندییەکانی لەوپەڕی ئاڵۆزیدایە، بەرامبەر بە سوریاش هەڵوێستێکی روون و ئاشکرا هەستی پێناکرێت، لە هەندێك لایەنیشەوە هەست دەکرێت وێڕای ئەوەی ئەمریکا ئەو رۆڵ و نفوزەی جارانی لە عێراقدا نەماوە، لە هەمانکاتدا جۆرێك لە دوورکەوتنەوە لە ئاراستەی سیاسەتی حکومەتی عێراق و ئەمریکا بوونی هەیە، لەسەر ئاستی ناوخۆش وەك ئێستا رۆژانە دەبینین حکومەتی عێراق ئەدای بە ئاستێك لاواز بووە کە نەتوانێت خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی رۆژانە خۆپیشاندان لە شارە جیاوازەکانی عێراق دژی حکومەت سازبکرێت، لەبەرامبەریشدا خەڵکانی سەر بە لیستی سەرۆك وەزیران خۆپیشاندان بۆ پشتگیری لە حکومەت سازدەکەن، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی ئەم پرسانە و چەندین بابەتی دیکە، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو (٢٠١٣/١/١٧) چووینە تەلاری وەزارەتی دەرەوەی عێراق و ئەم پرسانەمان لەگەڵ بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق تاوتوێکرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق.**



**گوڵان:** ئێستا عێراق بە بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیدار تێدەپەڕێت، ئایا بەڕێزتان وەك وەزیری دەرەوەی عێراق ئەم ناسەقامگیری رەوش و بارودۆخە ناهەموارەی لە وڵاتەکەدا گوزەر دەکات، چۆنی دەبینیت و چ خوێندنەوەیەکتان بۆی هەیە؟

**هۆشیار زێباری:** بارودۆخی ئێستای عێراق لە دۆخێکی قەیراناویدایە، ئەم قەیرانە بەرەنجامی قۆناخی گواستنەوەیە لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراتیەت، پرۆسەی گواستنەوە ئاڵۆزو پڕ لە گرێ و گۆڵە، چونکە دیموکراتییەت خەڵکانێکی دیموکراتخوازی دەوێت، تا پرۆسەکە ئەنجام بدەن و جێبەجێی بکەن، ئەم قەیرانە بە دڵنیاییەوە کاریگەری سلبی زۆری هەبووە لەسەر رەوش و بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و گوزەرانی خەڵکەکە بە گشتی، هەوڵی زۆریش هەن بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام تا ئێستا ئاسۆیەکی وا لە ئارادا نییە، لە هەندێك ناوچەدا خۆپیشاندان هەیەو لە بەرانبەردا خۆپێشاندانی بەرانبەریش کەوتۆتەوە، کێشە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا هەیەو زۆر لە کێشەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە چارەی کۆتایی، بەڵام هەموو لایەك پابەندن بە بەردەوامبوون و بەشداربوونیان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، هەموو فراکسیۆنە پەرلەمانی و سیاسییەکان هێشتا پابەندن بە بنەماکانی پرۆسەی سیاسییەوە، ئەمە بە گشتی کاریگەری بۆ ئەداو کارەکانی حکومەت هەیە، چونکە هەر حکومەتێك ئەگەر بیەوێت خزمەت بگەیەنێت، پێویستە سێ کایەی تێدا وەدی بێت ئەوانەیش نوێنەرایەتی باشی هەبێت، میللەت لێی رازی بێت، هەروەها دەبێ هەڵوێستیان یەکگرتوو بێت، لەم دواییانەدا بە داخەوە لە ئەنجامی پیادەکردنی هەندێك سیاسەت و دەرچوواندنی هەندێك بڕیارەوە تەوافوقی سیاسی هەژێنرا، ئەمە مەترسییەکەی لەوێدایە، کە ئەو تەوافوقە سیاسیانەی پاش ساڵی **٢٠٠٣** دروست بوون و عێراقی تازەش لەسەر ئەو تەوافوقاتە تازانە دروست کرایەوە، ئێستا ئەو بنەمایە هاتۆتە هەژاندن.

**گوڵان:** وەك بەڕێزت ئاماژەت پێکرد لە ناو پێکهاتە سیاسیەکاندا کۆمەڵێك کێشە بوونیان هەیەو نەتوانراوە بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، ئایا تا چەندە ئەم بارودۆخە هەستیارەی عێراق بە مەترسی دەزانیت؟

**هۆشیار زێباری:** بە دڵنیاییەوە جێگەی مەترسییەو تەحەدایەکی گەورەشە رووبەڕووی عێراق بۆتەوە، دەرئەنجامی ئەو وروژاندن و هەژاندنەی لەنێوان تەوافوقاتی سیاسی پێش ئێستادا کە هەبووە تەحەدا دروست بووە، گرفتەکە لەوەدایە پێش ئێستا هەندێك مەرجەعیەت بوونی هەبوو، هەر کاتێك عێراق دووچاری قەیرانێك ببوایەتەوە، ئەو مەرجەعیەتانە دەستوەردانیان دەکرد، هەروەها جاران هێزەکانی ئەمریکی لە عێراقدا بوون،

باڵیۆزخانەی ئەمریکا، رۆڵێکــی باڵایان بۆ ناوبژیوانی و ناوەنــدکاری هەبوو ئێســتا ئەو رۆڵەیان لــە عێراقدا بەو هێزەی جاران نەماوەو پاشەکشــەی کردووە، پێشــان مەرجەعیەتی نەجەفی ئەشــرەف لە زۆربەی کێشەکانی بەرەنگاربوونەوەو جەنگی تایەفەگەری و زۆر کێشــەی تری ناو عێراق کە تووشــی دەهات ئەو مەرجەعیەتەش رۆڵــی ئەکتیفی هەبوو، قســەی خۆیان هەبوو لەســەر کێشەکان و بێدەنگییان هەڵنەدەبژارد، ماوەیەکە ئەم رۆڵەش لاواز و کەمتر بووە، پێش ئێستا سەرکردایەتی هاوپەیمانی کوردســتان رۆڵێکی کارای ناوبژیوانیی بە پەلەی بینی، پــار و پێرار کە دامەزراندنەوەی حکومەت بە بنبەســت گەیشتبوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی باڵای هەبوو بۆ دروســتکردنەوەی حکومەتی تازە، جەنابی مام جەلال وەك سەرۆك کۆمار رۆڵێکی باڵای هەبوو، خەڵکی کۆدەکردەوەو وەك مەرجەعێك هەموو سەرکردایەتییەکان لە نووسینگەو بارەگاکەی ئەو لە بەغدا کۆدەبوونەوە، ئێستا کە بەهۆی نەخۆشــییەوە لە دەرەوەی عێراقەو ئینشائەڵلا بە سەلامەتی و لەشی ساغییەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا کەس نییە لەجێی ئەو، سەرکردەکانی عێراق لەسەر مێزێك کۆبکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەگــەری ئەوە هەیە ئەم قەیرانە درێژە بکێشــێت و لەوانەشــە درێژەی نەبێت، لایەنەکانی دەرەوەش بــە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی عەرەبی و رێکخراوی هاریکاری ئیســلامی و ئەمانەش هەردەم داخوازییان ئاراستە کردوین ئەگەر پێویست بکات دەستی یارمەتی و هاوکاریمان لە چارەسەری ئەم قەیرانەدا بۆ درێژ بکەن، بەڵام تا ئێستا داوای شتێکی وامان لێ نەکردون، بە واتای ئێستا ناوبژیوانێکی باوەڕپێکراو لە گۆڕەپانەکەدا شــك نابەین، تا ســنوورێك بۆ ئەم تەنگوچەڵەمانەی لە عێراقدا هەیە دابنێت و چارەسەریان بکات..

**گوڵان:** ئایــا ئەو تەنگوچەڵەمانە رەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ئاســتی ئەدای حکومەتیش دروست کردووە، بۆتە هۆی ئەوەی حکومەت نەتوانێت بە دروســتی کارەکانی خــۆی راپەڕێنێت، هەندێك لە چاودێران دەڵێن بارودۆخی ئێســتای عێراق حکومەتی بە ئاستێك ئیفلیج کردووە کە چیتــر ناتوانێت کار بکات، ئایا تــا چەند ئەم بارودۆخە حکومەتی عێراقی پەکخستووە؟

**هۆشیار زێباری:** کاریگەری خۆی خستۆتە سەر کاروباری حکومەت، بەڵام کارەکانی حکومەتی رانەگرتووە، راستە تا ئاســتێکی بەرز کارتێکەری خــۆی هەیە لە لایەنی دەروونی و مەعنەوییەوە، مەترســی دروست کردووە چ لە ناو خەڵك و جەماوەریش، بەڵام کاری حکومەت نەوەستاوەو دامودەزگاکانی ســەر بــە وەزارەتەکان ئیــش و کاری خۆیــان رایی دەکەن، بەڵام ئــەم حکومەتە حکومەتێکی ئیئتیلافیەو لەو فراکســیۆنە سیاســییانە پێکهاتووە کە ئێســتا لە ململانێدان، ئەمــەش رەنگدانەوەی لە ئەدای حکومەتدا دەردەکەوێت.

**گــوڵان:** هەرچی ئەم کێشــانەی لە عێراقدا دروســت بوون، لە دوای کشــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تەشەنەیان ســەندووە، ئــەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کــە حکومەتی عێراق نە توانای ئەوەی هەیە کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، نە دەشــتوانێت ئارامی و سەقامگیری رەوشەکە رابگرێت، تا ئەو رادەیەی هیچ حســابێك بۆ بنەماکانی دەستووری عێراقیش نەکرێت، بە رای جەنابتان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدا چەند کاریگەرێتی لەسەر تەقاندنەوەی کێشەکان هەبوو؟

**هۆشــیار زێباری:** کشــانەوەی هێزەکانــی ئەمریکا بە تەوافوقــی هــەردوولا بوو، هــەم لەلایــەن حکومەتی ئەمریکاو هــەم لەلایەن حکومەتی عێراقــەوە، هەر لەم شــوێنەی ئێستا لێی دانیشــتووین (مەبەستی بینایەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقە)، چەندین زنجیرە دانوستاندنمان هەبووە لەگەڵ ئەمریکیەکان، کشانەوەی هێزەکان بە بریار بووە، رەزامەندی هەردوولای لەسەر بووە، رێکەوتنەکەش لەم شــوێنەدا و لەم بینایە واژۆکرا، ئیشــکالیەت لەوەدا نییــە کە ئەمریــکا دەرچوون و عێراقیش ســەربەخۆیی خۆی وەرگرت، زەمانەتی ســەروەرێتی بۆ گەڕێنرایەوەو هەنگاوی گەورە چووە پێشــەوەو ئەوەش لەلایەن عێراقەوە خرایــە روو کە دەتوانێت بارودۆخی ئاســایش و ئارامی بپارێزێت، بڕیارەکانیشــی بە دەســتی خەڵکی ئەم وڵاتە بێت، ئەمانــە هەمووی کۆمەڵێك خاڵــی ئەرێنی بوون بــە تەبیعەتی حاڵ، دوو شــتی گرنگ لەبەرچاو بوون، یەکەمیان مەترسی ئەوەی هەبوو بەو کشانەوەیەی هێزەکان تەوافوقی سیاســی لە گرێژنەوە بهەژێت، ئەوەی ئێستا روودەدات لە دەرئەنجامی غیابی ئەو رۆڵەیە، مەترســی دووەم ئەوەبــوو کە باری ئەمنی لە دەســت دەربچێت و هێزەکانــی عێراق پێیــان نەکرێت ئەمن و ئاســایش لە سەرتاسەری عێراق دابین بکەن، بەڵام ئەمەیان روونەدا، بــە واتای حکومــەت دانەڕووخــاو و هێزەکانی ئەمنی لێکهەڵنەوەشــان و شــەڕی ناوخۆ یان تایەفەگەری یان شەڕی نێوان کورد و عەرەب دروست نەبوو ئەلحەمدولیلا تا ئێســتاش روونەداوە، خەڵکی مەترسی زۆریان هەبوو لەوەی ئەگــەر هێزەکانی ئەمریکا دەربچێت عێراقی تازە بڕووخێت، ئەو مەترسیانە نەهاتنەدی.

**گــوڵان:** زۆر لــە چاودێــران باســی ئــەوە دەکەن کە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە ناهەمواره بەم شــێوەیەی ئێستا مەترسی شەڕی ناوخۆیی و شــەڕی تایەفەگەری لێ دەکرێت؟

**هۆشــیار زێباری:** بەڵێ مەترسی هەیە، چونکە چەندی ئەم دۆخە سیاســیە ئاڵۆزتــر و ناکۆکیەکان رژتر ببنەوە، دۆخی ئەمنیش بەرەو خراپتــر دەچێت، ئەگەر لێکحاڵی بوونی سیاسی و تەوافوقات لەسەر ئاستەکانی پەرلەمان

**تەنیا دەستوور زەمانەتی یەکپارچەیی عێراقە، زەمانەتی تەوافوقی سیاسیی و ئەو شەراکەتەشە کە لە عێراقی تازەدا دروست بووە، دەستوور شیکاریی هەموو ئەم بنەمایانەیە، ئەگەر هەر کەسێک بە هەوای میزاجی خۆی دەستوور شیکار بکات یان پێشێلی خاڵەکانی بکات و لێی بابداتەوە ئەوە هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر ئەو گرێبەستەش هەڵوەشایەوە، هەموو شتێک هەڵدەوەشێتەوە**

وەزیری دەرەوەی عێراق و پەیامنێری گوڵان، تەلاری وەزارەتی دەرەوەی عێراق



**کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ئاستی سەرکردایەتییەکان باسیان لێوە دەکرێت، نەک لەسەر ئاستی ئەوەی چەند وەزیرێکت لە بەغدا هەیەو چەند شاندێک دێن، هەر لەگەڵ دروستبوونەوەی عێراقی نوێ ئەم کێشانە هەبوون و بەڵام ئیحتیوا کراون، کاتێ لە یەکتر دوور کەوتنەوە دروست دەبێت ئەم کێشانە سەریان هەڵدایەوە**

**ساڵی ٢٠١٣ بە نیسبەت عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو لایەک ساڵێکی سەخت و دژوار دەبێت، زەحمەتتریش دەبێت، ئەوجا چ دۆخی سوریا بێت یان دۆخی ئێران یان بارودۆخی عێراق و یانیش دۆخی ئەو وڵاتانەی شۆڕشی بەهاری عەرەبی گرتووینیەوە**

و حکومەت و ئاستی کۆماری و لەئاستی سەرکردایەتیە سیاسییەکان هەبێت، ئەمە بەشێوەی ئەرێنی کاریگەری بۆ سەر دۆخی ئەمنی دەبێت، تا ئێستا هیچ یەکێك لەو مەترسییانە روویان نەداوە، کە پێشبینی دەکران، نە شەڕی سوننەو شیعە، نە شەڕی کوردو عەرەب و نەشەڕی ناوخۆش.

**گوڵان:** هەندێك لە پسپۆران و توێژەرانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەمریکا بارودۆخی عێراق بەو شێوەیە دەبینن کە ساڵی ٢٠١٣ تەحەدای گەورە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق دروست دەکات، لەم هەفتەیەشدا ئیدارەی دووەمی سەرۆك ئۆباما دەست پێدەکات، ئایا بە رای بەڕێزت تا چەند سیاسەتی عێراق لەم ئیدارە تازەیەی دەرەوەی ئەمریکادا بە گشتی چی بەسەر دێت؟

**هۆشیار زێباری:** ساڵی ٢٠١٣ بە نیسبەت عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ساڵێکی سەخت و دژوار دەبێت بۆ هەموو لایەك، زەحمەتتریش دەبێت، چ دۆخی سوریا بێت یان دۆخی ئێران چ بارودۆخی عێراق و چ دۆخی ئەو وڵاتانەی شۆڕشی بەهاری عەرەبی گرتووینیەوە، لە ناوچەکەدا بە گشتی تەحەدییاتی گەورە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە شیتەڵکردن و شرۆڤەیەکی باشی ئەم گۆڕانکاری و پەرەسەندنانە بکرێت لەلایەن خاوەن بڕیارەوە، لەم رۆژانەدا ئیدارەی تازە رادەگەیەنرێت و دەست بەکار دەبێت، سیاسەتە ستراتیژی و گشتییەکان ناگۆڕدرێن، گۆڕانکاری لە بنەما چەسپاوەکان نابێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە جێبەجێکردن و چەسپاندن و سەرکردایەتی ئیدارەی تازەدا بە دڵنیایی رۆڵیان هەبێت، چۆن چۆنی ئەم سیاسەتە بێتە جێبەجێکردن، ئەم ناوچەیەو عێراق بە تایبەتی دژوار دەبێت بایەخی زیاتری ئەوانیش دەبێت، لەبەر ئەوە لە چاوەڕوانی ئەوەدام دەورەی ئیدارەی دووەمی ئۆباما بایەخی زیاتر لەچاو دەورەی پێشووی بە دۆخی عێراق بدات، بە واتای بە جددی شەریك بێت بە پێی ئەو رێککەوتنانەی پێشوو، هەوڵی هاوکاری و یارمەتیدانی عێراقی تازە بدات، بە تایبەتی ئەمریکا کە قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناوی رزگارکردنی ئەم وڵاتە لە دیکتاتۆریەت، لەبەر ئەوە وازی لێ ناهێنێت، ئەمریکا دەستی لە عێراق نەشۆردووە وەك هەندێك وای بۆ چوون، من پێشبینی و تەسەوری دۆخێکی وا دەکەم کە ئەکتیڤانەتر مامەڵە لەگەڵ دۆخی عێراق و ناوچەکەدا بکرێت.



**گوڵان:** گەورەترین کێشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی سووریا و رژێمی ئەسەدە، بەڵام ئێستا ئەوەی باسی لێوە دەکرێت هەڵوێستی فەرمی عێراقە کە لەگەڵ مانەوەی رژێمی ئەسەدە، پرسیاری سەرەکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئەوەیە ئایا پشتگیری لە مانەوەی ئەو رژێمە دەکەن؟

**هۆشیار زێباری:** هەڵوێستی فەرمی وەزارەتی دەرەوەو هی حکومەت یەك شتە، ئێمە لەگەڵ مانەوەی هیچ رژێمێك نین بە ئەسەدیشەوە، ئیللا بە رەزامەندی گەلی سوریا خۆی نەبێت، ئێمە لەگەڵ چارەنووس و مافی رەواو دەنگی میللەتی سوریداین، نە لەگەڵ ئەسەدین و نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنین، عێراق هەوڵی داوە چونکە بەرژەوەندی خۆی هەیە، کە رۆڵێکی موتەوازن و هاوسەنگانەی هەبێت، لەم رووەوە نە لەگەڵ ئێران بێت و نە لەگەڵ ئەمریکا بێت، پاراستنی ئەم سیاسەتە لەم جێگایەدا کارێکی زۆر قورس و گرانە، خۆشتان ئاگادارن لەناو خودی عێراقدا روانینی جیاواز جیاواز هەیە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخەی سووریادا، دەرئەنجام هەرچییەك بێت، تا هەتایە عێراق و سوریا وەك دوو دراوسێی یەکتر پێکەوە دەژین، گرنگ نییە کێ حوکمداری ئەو وڵاتە بکات یان هی ئەم وڵاتە دەکات، بەڵام پێوەندییەکانی هەردوو گەلی دراوسێ بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە عەرەب و کوردو مەسیحی و سوننەو شیعەو عەلەوی و دورزی و تاد.. ئەمە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە حکومەتی عێراق پێوەندییەکان و باڵیۆزخانەی هەیە لە ناو پایتەختی سووریا و پێوەندییەکانی نەپچڕاندووە، هاوکات پێوەندیشی هەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووریاییدا، دێنە لامان و قسەیان لەگەڵ دەکەین و دادەنیشین لەگەڵیان و پێشوازیمان لێ کردوون، لەم دواییەدا عێراق نزیکەی دە ملیۆن دۆلاری وەك هاوکاری مرۆڤانە تەرخان کردووە بۆ ئەو خەڵکەی لە ناو خودی سووریاوە دەربەدەربوون، ئێمە بێ هەڵوێست نەبووین، لە بەرانبەر کاری مرۆیی جووڵاوین، ئەو ئینتیباعەی کە هەیە وەڵڵا حکومەتی عێراق لەگەڵ رژێمەو دژ بە میللەتی سووریا بێت هەرگیز ئەمە دروست و راست نییە..

**گوڵان:** پێوەندی نێوان عێراق و تورکیا لەوپەڕی ناهەمواریدایە تەنانەت لەو بارودۆخەدا ئاماژە دەدرێت بەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە سڕ بوون، هۆکاری نەمانی یان لاوازبوونی پێوەندییەکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**هۆشیار زێباری:** ئەم هەڵسەنگاندنەتان تا ئاستێکی زۆر راستە و پێوەندییەکان گەرم و گوڕی جارانیان نەماوەو ساردی و ناکۆکی بوونیان هەیە، چ لە رووی سیاسی یان هەرێمایەتی، بەهۆی بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان عێراق و تورکیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناکۆکییە سیاسیانە کاری نەکردۆتە سەر کاری بازرگانی و کۆمپانیا تورکییەکان و کارکردنیان لە عێراقدا، مامەڵەکردنی بازرگانیی لە نێوان هەردوو وڵات ماوەنەتەوە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی سیاسی بێ چارەسەر بمێنێتەوە، بە دڵنیایی کاریگەری لەسەر بواری بازرگانیش دەبێت، بە روانینی من دوو هۆکاری بنەڕەتی لەو ناکۆکییەدا رۆڵیان هەیە، یەکەمیان دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆی وڵات کە ئەمە پرەنسیپێکە لە عەتەبات و پێوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا کە ئەمە نابێت لەم رووەوە کەس سنوور ببەزێنێت، لای تورکیاوە ئەمە کراوە، دووەم رێزگرتنی یەکترین، بە بەرپرسانی تورکیاشمان وتووە کە ئێوە رەچاوی ئەم دوو پرەنسیپەتان نەکردووە، ئێوە رێزی عێراقتان نەگرتووە وەك حکومەت و وەك وڵات و وەك میللەتیش، لەبەر ئەوە رۆژانە بەرپرسانی تورکیا خەریکن بە پەندو ئامۆژگاریدانمان و لایەنگری لایەنێك دژ بە لایەنی تر دەکەن، کە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵات ناکەوێتەوەو هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ چارەسەر دۆزینەوە، لە دوای رێگەچارە دۆزینەوەین و وازمان نەهێناوە، تا جارێکی تر پێوەندییەکانی عێراقی و تورکی بخەینەوە سەر راستەڕێی خۆی، بەڵام لە چوارچێوەی هەندێك دیسپلیندا..

**ئەمریکا کە قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناوی رزگارکردنی ئەم وڵاتە لە دیکتاتۆریەت و وازی لێ ناهێنێت و دەستی لە عێراق نەشۆردووە وەک هەندێک وای بۆ چوون، من پێشبینی دۆخێکی وا دەکەم کە ئەکتیڤانەتر مامەڵە لەگەڵ دۆخی عێراق و ناوچەکەدا بکرێت**

**چاوەڕوانی ئەوەم لە خولی دووەمی ئیدارەی ئۆباما بایەخی زیاتر لەچاو خولی پێشووی بە دۆخی عێراق بدات، بە واتای بەجددی شەریک بێت بەپێی ئەو رێککەوتنانەی پێشوو، هەوڵی هاوکاری و یارمەتیدانی عێراقی تازە بدات**

**دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مەترسی ئەوە هەبوو بەو کشانەوەیەی هێزەکان تەوافوقی سیاسی لە گرێژنەوە بهەژێت، ئەوەی ئێستا روودەدات لە دەرئەنجامی غیابی ئەو رۆڵەیە**

**پێش ئێستا هەندێک مەرجعیەت بوونی هەبوو، هەر کاتێک عێراق دووچاری قەیرانێک ببوایەتەوە، ئەو مەرجعیەتانە دەستوەردانیان دەکرد، هەروەها جاران هێزەکانی ئەمریکی لە عێراقدا بوون، رۆڵێکی باڵایان بۆ ناوبژیوانی و ناوەندکاری هەبوو، ئێستا ئەو رۆڵەیان لە عێراقدا بەو هێزەی جاران نەماوەو پاشەکشەی کردووە**

**گوڵان:** ئاشکرایە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا ناکۆکی زۆر دروست بووە، ئایا بەڕای بەڕێزتان ئاییندەی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان بە کوێ دەگەن و تا چەند هەولێر و بەغدای لێك دوور خستۆتەوە؟

**هۆشیار زێباری:** هۆکاری هەرە بنەڕەتی ئەو ئاڵۆزییەی کە هەیە پابەند نەبوونە بە دەستوورەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی، هەر کاتێك دانوستاندن هەبێت بە دیالۆگ ئەم کێشانە زووتر چارەسەر دەکرێت، چەند دانووستان دوور بکەوێتەوە، کێشەکان کەڵەکەتر دەبن، ئەم کێشانە لەسەر ئاستی سەرکردایەتییەکان باسیان لێوە دەکرێت، نەك لەسەر ئاستی ئەوەی چەند وەزیرێکت لە بەغدا هەیەو چەند شاندێك دێن و دەچن و چەند کاریگەرییان هەیەو تاد. من لەو بڕوایەدام کە هەر لەگەڵ دروست بوونی عێراقی نوێ ئەم کێشانە هەبوون و بەڵام ئیحتیوا کراون، کاتێ لە یەکتر دوور کەوتنەوە دروست دەبێت ئەم کێشانە سەریان هەڵدایەوە، کێشەکان لەسەر مادەی ١٤٠ی دەستوور و ئەو ناوچانەن کە لە کوردستان دابڕێنراون و بە مادەی دەستووری ئاماژەیان پێدراوە، یان لەسەر بەشە بودجەی هەرێم و موڵکیەتی نەوت و غازە، چونکە تا ئێستا یاسای نەوت و غاز بە یاسایی هەموار نەکراوەتەوە، یان کێشەی بوونی پێشمەرگەیە، ئایا بەشێکە لە مەنزوومەی بەرگری عێراق یان سەربەخۆیە، ئەگەر مەنزومە بێت، دەبێت سەر بە چ لایەك بێت و تاد.. لەبەر ئەوە کێشەکان وەك خۆیان ماونەتەوە، لە لایەکی ترەوە دەسەڵات و سەڵاحیاتی حکومەتی فیدراڵی چین و هی حکومەتی هەرێم چین، دەستوور بەڕوونی ئەمانەی دەست نیشان کردووە ئەگەر کار بە پێی سیستمی فیدراڵی بکەیت راستە ئیلتیزاماتی یاسایی لەسەر هەردوولا هەیە، ئەمە لە هەردوو سەرەوە چارەسەر دەکرێت، ئەم کێشانەی لە نێوان بەغداو هەولێرە قابیلی چارەسەرە، تەنانەت ئەگەر دەمودەست چارەسەری بنەڕەتیش نەدۆزرێتەوە مومکینە هەندێك میکانیزم دروست بکرێت بۆ چارەسەرکردنیان لە ساتەوەختی خۆی، گرفتی هەرە بنەڕەتی ئەو فرە شرۆڤەو شیتاڵ کردن و شیکارکردنانەی هەردوو لایە بۆ دەستوور، هەر لایەك ئەو برگەو ماددانەی لە بەرژەوەندی خۆی بێت ئەوە هەڵدەبژێرێت بێ ئەوەی تەماشای هەموو دەستوورەکە بکات، ئەو حەقیقەتەم لا روونە کە ئەم ناکۆکیانەی نێوان هەولێر و بەغدا لەو بڕوایەدا نیم بگاتە حاڵەتی شەڕو پێکدادان و تەقەکردن لە یەکتری، یان شەڕی کوردو عەرەب، چونکە هەر کەسێك حیساباتی لەسەر هەوا دابنێت غەڵەتە..

**گوڵان:** لایەنی کوردستانی بە روون و ئاشکرا دەڵێت کە تەڕەفی بەرانبەر پێشێلی دەستوور دەکات بەمەش تەواوی پرۆسە سیاسییەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، ئایا ئەگەر ئەم پێشێلکردنەی دەستووره بەردەوامی هەبێت لایەنی کوردستانی خۆی لەبەر کامە ڕێگاچارە دەبینێتەوە؟

**هۆشیار زێباری:** تەنیا دەستوور زەمانەتی یەکپارچەیی عێراقە، زەمانەتی تەوافوقی سیاسییەو هی ئەو شەراکەتەشە کە لە عێراقی تازەدا دروست بووە، دەستوور شیکاریی هەموو ئەم بنەمایانەیە، ئەگەر هەر کەسێك بە هەوای میزاجی خۆی دەستوور شیکار بکات یان پێشێلی خاڵەکانی بکات و لێی بابداتەوە ئەوە هەڵدەوەشێتەوە، چونکە دەستوور گرێبەستێکە لە نێوان ئەو خەڵکانەی دەنگیان پێ داوەو نووسیویانەتەوەو واژۆیان لەسەر کردووە، ئەگەر پابەندبوونی پێ نەکراو گرێبەستەکە هەڵوەشایەوە، هەموو شتێك هەڵدەوەشێتەوە..

**گوڵان:** کورد لە دوای ٢٠٠٣ لایەنی سەرەکییە لە پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی نوێ، لەبری ئەوەی موستەحەقات و چاکەی خۆی بدرێتەوە لەوەی لایەنێکی دروستکار و باش بووە بۆ دامەزرانەوەی عێراقی نوێ، کەچی هەوڵی زۆر دەدرێت تێکەڵاوی کێشەکان بکرێت؟

**هۆشیار زێباری:** راستە ئەوساو ئێستاش کورد رۆڵ و رای هەبووەو ئێستاش راو رۆڵ و قورسایی خۆی هەیە لە هاوکێشەکاندا، بەڵام لە جیهانی واقیع و بەرژەوەندیدا ئەم شتانە بەپێی زەمان و شوێن دەگۆڕدرێن و چەسپاو نیین، راستە کورد رۆڵێکی باڵاو سەرەکی هەبووە لە دامەزراندنی ئەم عێراقە تازەیەو جێبەجێکردنی بنەماکانی دیموکراسیەت و بەشداربوونی راستەوخۆی لە حکومەتەکانی دوای رووخاندنی رژێمی پێشوو، بەڵام ئەم رۆڵە تاسەر نامێنێتەوە ئەگەر کورد تەکییفی رۆڵی خۆی نەکات و خۆی ساز نەکاتەوە، یان ئەگەر کورد قورسایی بوونی خۆی لە بەغدا بەهێزتر نەکات، یان ئەگەر کورد ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی روودەدەن مامەڵەی دروستیان لەگەڵ نەکات، ئەم شتانە تا سەر چەسپاو نین و گۆڕانکارییەکان بۆ دێنە پێشێ، بە پێی ئەم گۆڕانکارییانە پێویستە تۆش وەك کورد رۆڵ و راو بۆچوونی خۆت هەبێت تا کاریگەریت لەسەر رووداوەکان هەبێت، تا ئێمە پابەندبین بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵییەوە، تا ئەو پابەندبوونەمان هەبێت، پێویستە کاربکەین لەژێر سایەی سیستمێکدا، واتا دەبێت کاریگەری زۆرمان لە هەولێرەوە هەبێت، بەڵام لە بەغداش نابێت بەبێ کاریگەریی بین، هەروەها کاریگەریمان لە ناو پارێزگاکانی تریش هەبێت و لەناو عەرەبیش بە سوننەو شیعەوە کاریگەریمان هەبێت..



## هەڕەشەکان.. دەرفەتێک بۆ گەیشتن بەئامانجەکان

# دەبێ هەڕەشە مەترسییدارەکان ببنە هەوێنی داڕشتنی ستراتیجییەتی نیشتمانی ئێمە

**لەهەمبەر ئەو دۆخە دەروونی و سیاسییەدا کە ململانێی سەرسەختی ڕۆژانەی لەمیدیاکان و هۆڵەداخراوەکاندا دروستکردووە، هەندێ نووسەرو لایەنی سیاسی گرفتی نێوان هەرێم و بەغدا بە دەرفەتێک دەزانن بۆ ڕەخنەگرتن، بەڵام بەپێویستیشی دەزانن کەس و لایەنێ بکەنە هۆکارو بەرپرسیار لە هەڵگیرسانی گرفتەکاندا. بۆیە ئەرکی ڕەخنە لە قسەکردن لەسەر کێشەکە دەخەنە ئەستۆی بەشداربووان تێیداو تێپەڕبوون بەسەر خودی کێشەکەدا. بازدان لەکێشەوە بۆ کەسەکان، وادەکات پرسەکە ببێتە بابەتێکی لاوەکی و بکەرەکان فاکتەری سەرەکی. ئەمەش تێنەگەیشتنە لە گرفتەکان وەک خۆی، چونکی بابەتی ڕەخنە لەخودی کێشەکەوە دەگوێزنەوە بۆ بکەرەکان. دواجار تەنیا لەسەر ئاستی گوتارو ڕەفتاری سیاسیی مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا دەکەن.**
**ڕەخنە بەو مانا سادەیە دەکرێت بەهەڵوێست نواندن لەڕێی هەڵدانی هەندێ دروشم و قسەی جوانەوە. ئەمە گێژاوێکە نووسینی کوردی بەخورتی تێیکەوتووە کە ڕەخنە بۆتە سادەکاری، ڕاوەشاندن و فڕێدانی ڕاوبۆچوون.**



نەوزاد جەمال*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

هیچ هەرێم و ناوچەیەک نییە بەجۆرێ لەجۆرەکان لەژێر هەڕەشەو مەترسیدانەبێت. هەڕەشە جگە لە نیشاندانی زیندوویەتی هەرێمەکە، بەڵگەی گرنگی ستراتیجییە لە ئەجێندا نێودەوڵەتییەکاندا. لەم سۆنگەوە هەرێمی کوردستان وەک چۆن لەمێژوودا لەژێر هەڕەشەدابووە، ئێستاش لەبەر بایەخە جۆربەجۆرەکانی هێندەی دیکە چاوی لەسەرە. پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن هەڕەشەکان دەکرێنە دەرفەتی نزیکبوونەوە لەئامانجە سیاسییەکانی هەرێمەکە؟

لە کاتێکدا زۆربەمان لە ژیانی ئاساییدا پێمانوایە هەڕەشەکان کۆتایی پرۆسەی بەرەوپێشچوونە، دەکرێت نزیکبوونەوەی بەدیهاتنی ئامانج و خواستەکانمان بێت. دەشێت هەڕەشە مەترسیدارەکان وەک چۆن زەنگی ئاگادارییین، هەنگاوێك زیاتر نزیکمان بخەنەوە لەخواست و پلانە ئامانجدارەکان. ئەمە لە سیاسەتدا ئاساییە، چونکی وەک باوە دەزانین لەبواری سیاسەتدا شتێك نییە بەناوی مەحاڵ. مەحاڵێتی واتە مردنی سیاسەت. بۆیە سیاسەت تاقیکردنەوەی ئەگەرە جیاوازەکانە لەژیاندا.

بابزانین چۆن؟ بۆنموونە کێشەکانی دوایی نێوان هەرێم و بەغدا بەهەموو ئەگەرە ترسناک وماڵوێرانکەرو ناڕاستییەکەیانەوە، لەزۆر ڕووەوە پۆزەتیڤە. سالآنێکە پێمانوابوو دەبێ کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەمە بەداوانا کرێت بەڵکو بەندە بەپارسەنگی هێزەوە. بەهانەو پاساوێکیش نەبوو کە ڕاستەوخۆ هێز بچێتە ئەوێ و دەوروپشتی. هێزی دیجلە ڕێخۆشکەربوو بۆ خۆگیرکردن لەوێ. ڕاستە مالیکی باری ئاسایشی کەرکوکی کردە بەهانە بۆ دروستکردنی «هێزی دیجلە» بەمەبەستی کۆکردنەوەی سوننەکان و بەگژداچوونەوەی کوردو دەرخستنی پاڵەوانێتی لە پێشدەستی ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردن. کاردانەوە جیاجیاکانی کێشەکە ڕێخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایی لەناوچە سوننەنشینەکان و تەقینەوەی جۆراوجۆری گرفتەکان.

## کوردستان: مەیدانی رووداوەکان و گۆڕەپانی ململانێ سەختەکان

ئەمرۆ ئاڵوگۆڕێك لەسەرتاپای ناوچەکەو لە کوردستاندا بەڕێوەیە کە شەپۆلی کاردانەوەکە بەخێرایی لەناو ئێمەشدا پەرچەکردار دروستدەکاتەوە. بمانەوێت یا نا، بەشێکین لەو شەپۆل و باهۆزە. جێکەوتی و هەڵکەوتی کوردستان سەرەڕێی پێشهات و گرفتەکانە، سیاسەتی نێودەوڵەتیش بەسایەی ئەمریکاو زلهێزەکانەوە ئێمەیان خستۆتە ناوگێژاوەکەوە! گرنگ ئەوەیە ئەو گرفت و گرژییانە بەبەرژەوەندیی خۆمان بەکاربێت. هەرکەسێکیش بتۆقێت، سیاسەتی پێناکرێت، جگەلە جەنگی وێرانکەر!

شایانی باسە ئەم گێژاوەی ئەمرۆ ساڵێکە لە عیراقدایە، بەتایبەت پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئاڵۆزیی و ترس خستووینەتە بەردەم دووڕیانێک. مانەوە بەملکەچی جاران، یا دەستراپسکان لەو پێکەوەلکانە بەعیراقەوە. چونکی کورد ناتوانێ لەنێو عیراقدا بەوجۆرە بژی. بەڵام بۆ؟ ئەم دۆخە دەستکردی خۆمان نییە. کەواتە رەخنە لەچی یا لە کێ بگرین؟

### لەرەخنەی کێشەکانەوە بۆ تێپەڕین بەسەریاندا

لەهەمبەر ئەو دۆخە دەروونی و سیاسییەدا کە ململانێی سەرسەختی رۆژانەی لەمیدیاکان و هۆڵەداخراوەکاندا دروستکردووە، هەندێ نووسەرو لایەنی سیاسی گرفتی نێوان هەرێم و بەغدا بە دەرفەتێک دەزانن بۆ رەخنەگرتن، بەڵام بەپێویستیشی دەزانن کەس و لایەنێ بکەنە هۆکارو بەرپرسیار لە هەڵگیرسانی گرفتەکاندا. بۆیە ئەرکی رەخنە لە قسەکردن لەسەر کێشەکە دەخەنە ئەستۆی بەشداربووان تێیداو تێپەڕبوون بەسەر خودی کێشەکەدا. بازدان لەکێشەوە بۆ کەسەکان، وادەکات پرسەکە ببێتە بابەتێکی لاوەکی و بکەرەکان فاکتەری سەرەکی. ئەمەش تێنەگەیشتنە لە گرفتەکان وەک خۆی، چونکی بابەتی رەخنە لەخودی کێشەکەوە دەگوێزنەوە بۆ بکەرەکان. دواجار تەنیا لەسەر ئاستی گوتارو رەفتاری سیاسیی مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا دەکەن.

رەخنە بەو مانا سادەیە دەکرێت بەهەڵوێست نواندن لەڕێی هەڵدانی هەندێ دروشم و قسەی جوانەوە. ئەمە گێژاوێکە نووسینی کوردی بەخورتی تێیکەوتووە کە رەخنە بۆتە سادەکاری، راوەشاندن و فڕێدانی راوبۆچوون. هەڵبەت «هەموو» لە سۆنگەی دڵسۆزیی و بەتەنگەوەهاتنەوە، ماف بەخۆی دەدات لە کێشەکان بدوێت، بەڵام نەبوونی پاشخانی وردو نارێکی لە سەلماندن و بەڵگەکان، وایکردووە رەخنەکاری بۆتە ئامانجی لێدان لەوەی هاوڕاو هاوهەڵوێست نییە.

راستە، ئەم جۆرە نووسینانە کە لەزاری رۆشبیرو نووسەری دیارەوەیەو بەشێکە لەئازادیی کەسێتی و بیرکردنەوەیان، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: ئێمە کە لەبەردەم پرس و کێشەیەکی «نەتەوەیی- نیشتمانیی» داین بەهەموو مانایەک، رەوایەتی و داهاتووی لەژێر مەترسیی جدیدایە، هاوکات رەخنە بەندە بەتێگەیشتنی وردو سەلیقەی کارسازییەوە. بەدەرلەوەی لایەنێك کە دەیەوێت کەیسەکە بقۆزێتەوەو سیناریۆی چیرۆکێکی مەزنی لێدابڕێژێت، هێشتا ناکرێ هەقیقەت و چارەنووسی کێشەکە لەبیربکرێت. چونکی هەرگیز بەرپرسیاری رەخنەگر لەدەرەوەی پرس و بابەتی رەخنەکەوە نییە.

بۆیە ئەو جۆرە رەخنانە رووشاندنە لەسەرەوەو لەدەرەوە. قسەکردنە لەسەر ئەکتەرو نوێنەرەکانی گرفتەکە، نەک شانۆی روداوەکان و خودی کێشەکان لەناوەڕا. کێشە بونیادی و جەوهەریەکان کە زەمینەی دەرکەوتی بکەری سیاسی و گوتارە، دەکەونە پشت رەخنەکانەوە. بۆیە نووسەرگەلێ کە لە گۆشەنیگای «رەخنەسازییەوە» تەنیا باس لەو لایەنانە (حکومەت، حزب و سەرکردەکان) دەکەن کە تێوەگلاوون، کۆی قەیرانەکە لەبیردەکەن و ئینتما بۆ کێشەکەو پرسە رەواکە کوێردەکەنەوە.

### جیاکردنەوەیەکی تێوریی پێویست

دەبێ دووشت لەیەک جیابکەینەوە، بەلانی کەمەوە لەرووی تێوریشەوەبێت: خودی کێشەکان لە بکەرەکانی گرفتەکان (جابکەرە راستەقینەکان بێت یا دروستکراوەکان). ئاڕاستەکردنی رەخنە تەنیا بەرەوڕووی «ئەکتەری» سەرشانۆکان بەدەر لەسیناریۆو دەرهێنەر و کرۆکی چیرۆکەکان ترسناکە. دەکرێت قسە لەسەر شەرعییەتی لایەنێ بکەیت کە بەهۆکاری دەزانیت لەقەیرانەکاندا، بەڵام نابێت شەرعییەتی قەزیەکە، پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکە لەبیرکەیت. بەرپرسیاریی رەخنەگر تەنیا لەبەرامبەر بکەری کێشەکاندا ناوەستێت، بەڵکو لەسەر کێشەو روداوەکەش هەڵوەستەو شرۆڤەکاری دەکات. ئەنجامی رەخنەکانیش هاوپێچی کێشەکان دەکات و لەوە کەمتر حسابی بۆ ناکات. قسەکردن لەسەر «رووخساری دەرکەوتەکان» نیوەی راستییەکەن گەر سادەکردنەوەی خودی راستی رووداوەکان نەبێت. لەبەرئەوەی ئەمرۆ زەحمەت نییە بزانین چی لە دەوروبەرماندا دەگوزەرێت و لەسەرچییە، گرنگتر لەوە، بزانین بۆ روودەدات، ئەوەی لەپشت رووداوەکانەوەیە چییەو ئەنجامەکانی بۆ ئێمەو پرسە نیشتمانی و نەتەوەیی و داهاتووی هەرێمەکە چییە.

### گرفتی رەخنەی سیاسی لەکوردستان

سەرباری ئەوەی پێشتر دەربارەی جۆری رەخنەکان وترا پێموایە ئەمرۆ رەخنە لەهەڵسوکەوتی سیاسی لە کوردستاندا کەوتۆتە بەردەم دوو هەڕەشەوە:

١- پۆپولیزم- جەماوەرگەرایی کەخرۆشاندن و جۆشدانی خەڵکی لائامانجە.

٢- بیری «پیوریتانیزم» لەرەخنەی سیاسی و رۆشبیری

**لەبواری سیاسەتدا شتێک نییە بەناوی مەحاڵ. مەحاڵێتی واتە مردنی سیاسەت. بۆیە سیاسەت تاقیکردنەوەی ئەگەرە جیاوازەکانە لەژیاندا**

**ئەمرۆ ئاڵوگۆڕێک لەسەرتاپای ناوچەکەو لە کوردستاندا بەڕێوەیە کە شەپۆلی کاردانەوەکە بەخێرایی لەناو ئێمەشدا پەرچەکردار دروستدەکاتەوە**

# هێورکردنەوەی ئەو گرژیە توندەی لە نێوان بەغدا و کوردستاندا هەیە


چل و پێنج ساڵ پێش ئێستا مستەفا بارزانی هەوڵیدا کەرکوك بگەڕێنیتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردەکان و تەنانەت ڕایگەیاند کە کوردەکانی عێراق ئامادەبن ببنە ویلایەتی پەنجا و یەکی ئەمەریکا. خواستی گەڕاندنەوەی کەرکوکی ئەوەندە لابەهێز بوو کە پێشنیاری کرد « کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك بخاتەژێر دەستی ئەمەریکاوە» و بەڵێنیدا کە ئەمەریکا ئەتوانێت دۆستێکی هەبێت لە ئۆپیکدا کاتێك کوردستانی دەوڵەمەند بە نەوت سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێت». لەمڕۆدا مسعود بارزانی سەردانی کەرکوك دەکات لە پێناو بەهێزکردنی بانگەشەی کوردەکان بۆ خاوەندارێتی کەرکوك و بەخشینی سازشی گەورە بە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکا، وەك ئیکسۆن مۆبیل. کەواتە پێدەچێت هەندێ پرس و مەسەلە هەبن هەرگیز گۆڕانکاریان بەسەردا نەیەت.

ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە کوردەکان ڕۆڵێکی شەرعیان هەیە بۆ ئەوەی لە کەرکوکی ئەمڕۆدا ببینن، بەڵام من ئەوەشم لە یادە کە دەربارەی بۆربۆنەکان دەیانووت لە فەرەنسا:» ئەوان هیچ فێرنەبوون و هیچیشیان بیرنەچۆوە.» بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی دانیشتوانی عەرەب لە عێراقدا زیاترن، ئەوا کات لە بەرژەوەندی بەغدایە. ئەو زەمانەتەی ئەمەریکا بە کوریداوە شەڕکردن ناگرێتەوە لەسەر کەرکوك و متمانەکردنیش بە تورکیا متمانەکردنە بە گورگ.

بە دڵنیاییەوە دەوڵەتداری ژێر پێشنیاری گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی کەمتر سەربازی دەکات، چونکە لە حاڵەتی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتگەلێکی زۆردا، کوردەکان هەموو ئەو شتانە لە دەست دەدەن کە بە ماندووبوون و ئازارێکی زۆر بەدەستیان هێناوە لە دوای ڕوخانی سەددام حوسێنەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا. تەنانەت – بەم حاڵەشەوە- هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی زۆری بەدەستهێناوە ئەگەرچی کۆنترۆڵی تەواوی کەرکوکیشی بەدەستەوە نی یە. لەوەش زیاتر، کەس نکۆڵی لەوە ناکات کوردەکان شەریکێکی شەرعین لە کەرکوکدا. هەروەها ئەوەشتان لەبیر نەچێت کە کوردەکان بەشێکن لە بەغدا و جەلال تالەبانی سەرۆکی عێراقە.

دواجار پێشمەرگە چەندین پەیوەندی لەگەڵ سوپای بەغدا هەیە. لە ڕاستیدا، پەیوەندی هاریکاری نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای بەغدا هۆکارێکی گرنگە کە ڕێگری دەکات لەوەی هەردوولا بکەونە شەڕێکی ڕاستەقینەوە. هەروەك کۆلۆنێلێکی

**هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی زۆری بەدەستهێناوە ئەگەرچی کۆنترۆڵی تەواوی کەرکوکیشی بەدەستەوە نی یە. لەوەش زیاتر، کەس نکۆڵی لەوە ناکات کوردەکان شەریکێکی شەرعین لە کەرکوکدا**




**پرۆفیسۆر مایكل گەنتەر**
**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**

ئەمەریكی بە ناوی دەنیس پ چاپمان دەنوسێت:» پێشمەرگە كراون بە یەكەكانی بەرگری مەدەنی عێراقی، یەكەكانی پاسەوانی نیشتیمانی و سوپای عێراقی، پۆلیسی ژینگە و دارستان، یەكەكانی پاسەوانی سنور و پۆلیس.. ڕەنگە گەورەترین ئاڵوگۆڕ كە بەسەر پێشمەرگەدا هاتبێت بریتی بێت لە گۆڕینی ژمارەیەكی زۆری هێزە كوردییەكان لە پێشمەرگە بۆ ئەوەی سوپای عێراقیان لێ پێكبهێنرێت.»

تەنانەت لە ڕووی مەبدەئیەوە بەغدا» بەرپرسیارێتی دابینكردنی دارایی بۆ پێشمەرگەی قبوڵكردووە، هەروەها لە چوارچێوەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا هاتووە.» لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوولا نەگەیشتونەتە ڕێككەوتنێك بۆ چۆنیەتی خەرجكردنی ئەو پارەیە. ئەمە نەبۆتەهۆی ئەوەی هەرێمی كوردستان سڵ بكاتەوە، چونكە بەوەشەوە نەوەستاوە و داوای لە بەغدا كردووە مووچەی خانەنشینی ٩٠،٠٠٠ پێشمەرگە بدات.

هەروەها چاپمان دەنوسێت كە ئەگەرچی» گومانێكی زۆر هەیە لە نێو غەیرە كوردەكاندا لە ئاست نیازەكانی كورددا....پێدەچێت یەكە كوردییەكانی ناو سوپای عێراق بە كردەوە دڵسۆزییەكی زیاتریان پیشاندابێت بۆ عێراق بە بەراورد بە هاوشانە عەرەبەكانیان.» لە ڕاستیدا دوای دیراسەتەووردەكەی لەبارەی هێزەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستانەوە لە نێویاندا پێشمەرگە، چاپمان بەو دەرئەنجامە دەگات كە » هەرگیز پێویست بەوە ناكات خەرقێكی گەورە لە نێوان هەرێمی كوردستان و دەسەڵاتە فیدراڵیەكاندا ڕوودات. ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی بوونی ئاستێك لە مرونەت و دان بە خۆداگرتن لەلایەن هەردوولاوە. لە ڕاستیدا، » حكومەتی مەركەزی و هەرێمی كوردستان توانایەكی سەرسوڕهێنەریان پیشانداوە بۆ هێوركردنەوەی ( بەلای كەمەوە پەراوێزخستنی ) ئەو بارودۆخانەی ئەگەری تەقینەوەیان لێدەكرا، هەروەها بۆ هاوكاری كردنی یەكتر لەسەر پرسە گرنگەكان.»

**پەیوەندی هاریكاری نێوان هێزەكانی پێشمەرگە و سوپای بەغدا هۆكارێكی گرنگە كە ڕێگری دەكات لەوەی هەردوولا بكەونە شەڕێكی ڕاستەقینەوە**

لەبەر ئەوە ڕاسپاردەی من بۆ كوردەكان ئەوەیە هەوڵی هێوركردنەوەی ئەو بارگرژیە توندە بدەن كە ئێستا لە ئارادایە لە نێوان ئەوان و بەغدا، ئەویش لە ڕێی پشت بەستن بەو خاڵە بەهێزانەی هەیانە كە من لەم وتارە كورتەدا ئاماژەم پێكردن. ئەمەریكا پشتیوانی لەم ڕێگاچارە عەقڵانیە دەكات، بەڵام پاڵپشتی هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی كەركوك ناكات.

# سوکایەتیی سیاسی.. سیاسەتی سوککردن

بۆچی لەکایەی سیاسەتی کوردیدا ئەوەندە سوکایەتیی سیاسی باوە، کە زۆر جار وابزانین، ئەم سیاسەتە لە بنەمادا سیاسەتی سوکایەتیکردنە؟ ئایا پێوەندییەك و نیشانەگەلێکی ئاشکرای ئەوتۆ هەن، کە لە کایەی سیاسیی هەرێمدا جەمسەرەکانی سوککردنی سیاسی و بکەری سیاسی و سیاسەتی سوککردن، پێکەوە ببەستێتەوە؟

لە ڕووی عورفی سیاسیی و پرۆفیشناڵیزمەوە، کایەی سیاسیی هەرێم بە کایەیەکی سیاسیی سەرکەوتوو داناندرێت، چونکە هیچ سنوورێکی سیاسی، یان کەلتوورێکی سیاسیی نییە، کە بە خەتی سووریی لایەنەکان لە ئاست یەکتردا دابنرێت لە پێناوی شتێکی گەورەتر لە خۆیان، کە پێویستە بەهۆی سیاسەتەوە سنووربەند بکرێت. ئەمە جگە لەوەی فرە کوێخایی و فرە مەرجەعیی و نەخوێندنەوەی خەتی یەکتر باڵادەستە.. بکەر و لایەن و ڕاگەیاندنەکانی ئەم کایە سیاسیە، کاتێ بیانەوێ بیروڕاکانی خۆیان دەرببڕن یان تەعبیری سیاسیانە لە خۆیان بکەن، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەنا بۆ سوککردنی سیاسی دەبەن. بۆ نموونە لە راگەیاندنی هیچکامێك لە لایەنە سیاسیەکاندا، لە خوێندنەوەی دەنگ و باس و سەردێڕەکاندا ئەوە نابینینەوە کە سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە چۆنەو پلەبەندییەکەی کامەیە. هەتا ئەم ساتەوەختەش هەواڵیی یەکەمی ڕاگەیاندنەکان، بە هەواڵی سەرۆك و سکرتێری ئەو لایەن و حزبە دەستپێدەکات، کە خۆی خاوەنی کەناڵەکەیە.



ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

ئێمە لەبەردەم سەردەم و کاتێکی سیاسیانەی نوێداین، کە داوامان لێدەکات گۆڕانکاریی بەسەر زۆرێك لە بۆچوون و بڕیارە پێشینەکانمان بهێنین لە ئاست ئەوانیتر و بێگانەکاندا. وەلێ هەر ئەم سەردەمە نوێیە، داواشمان لێدەکات بە جیدیی لە ئاست یەکتردا بەخۆماندا بچینەوەو دەست لە زۆرێك لە بەدگومانییەکان هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ وزەی بەفیڕۆدراوی سیاسیی تا کەمترین ئاست دابەزێنرێ و بگۆڕدرێ بۆ وزەیەکی لەوپەڕی بەرزیدا بەرهەمهێن و بەسوود.

لێرەوە، گرنگە کایەی سیاسیی هەرێم و بکەرانیی ناو ئەم کایەیە، خۆیان لە کۆی ئەو گەردو غوبارە بتەکێنن، کە پاشماوەی ناکۆکیی و کێشە ناوخۆییەکانن و هەتا ئێستاش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، کاریگەریی ئاشکراو ڕوون، یان شاراوەو نادیاریان بەسەر بڕیاری سیاسی و بەشداریی سیاسی و هاوکاریی سیاسیی هەرێمەکەوە، دیارە.

ئەم سەردەمە نوێیە داوا دەکات، کایەی سیاسیی هەرێم لە تێڕوانینیدا بۆ سیاسەت وەك تیۆریی و پراکتیکێکی تایبەت و لە تێڕوانینی بکەرانیی سیاسیدا بۆ یەکترو بۆ لایەنگرو حزب و لایەنە پێکهێنەرەکانیان، بچنە قۆناغێکی ترەوە کە تیایدا نییەت و قسە، بیرکردنەوەو بڕیار، ئاماژەو مانا، هاندانی لایەنگران لە ژێرەوە، وەك هاندانیانی لێبێت بە ئاشکراو لەسەرەوە. بە کورتییەکەی پێویستە قۆناغی سووکایەتیی سیاسیی، کە هەمیشە سیاسەتێکی سووککردنیی خۆی هەیە، بگوێزینەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی سیاسیی، کە ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە، ڕاشکاوی و واقیعیبوون، هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ، جێگەی سووکایەتیی سیاسیی و سیاسەتی سوککردن بگرێتەوە.

**لە سوککردنی سیاسییەوە بۆ سیاسەتی سوککردن:**

لە سەردەمە قەیراناوییەکانی مێژووی گەلاندا، هیچکاتێك سیاسەت لە سوکایەتی بەدەر نەبووە، چونکە لە شوێنێکدا کە سیاسەت ئامرازە ڕاستەقینەکانی خۆی، ئامانجەکانی خۆی بزر دەکات، پەنا بۆ سوکایەتیکردن دەبات. سوکایەتیکردنی سیاسیی ئەو پەیوەندییە دەستنیشان دەکات کە لە نێوان ئەندامێك و حزبی سیاسی، یان لە نێوان دوولایەنی سیاسی، یان لە نێوان گرووپێك و گرووپێکی دیکەی سیاسی و هەروەها لە نێوان دەسەڵاتێکی سیاسیی و ئۆپۆزیسیۆن، دەسەڵاتی سیاسی و خەڵك، یان میللەت و گرووپێکی ئەتنیکیدا دێتە ئاراوە. سوکایەتیی سیاسی نیشانەیە بۆ ناسینەوەی پەیوەندیە سیاسیە بارگرژەکان، نەبوونی کەناڵی ڕاستەقینەی پەیوەندیی، یان ڕقی کەڵەکەبووی لایەنەکانە بەرامبەر یەکتری. ئەمە ئەو بوغزە مرۆییەیە کە لە شێوەی وزەیەکی مەسرەف نەکراوی شەڕانیدا، لە ئەنجامی نەبوونی ڕاشکاویی و گوتنی قسەکان بە وشەکانی خۆیان، لە میانەی ئەزموونێکی دوورودرێژی پێکەوەبوون و لێکدابڕان، گرژیی و ئاشتبوونەوە، تێکدان و پێکهاتنەوەکاندا دروستبووە و کەڵەکە بووە.

بۆیە لە سەرەتادا سوکایەتی سیاسیی هیچ نییە لە پچڕانیی پەیوەندیی سیاسەت بە بنەما ئاکارییەکانی خۆیەوە زیاتر لەسەر دەستی بکەری سیاسی. واتە سوکایەتیکردنیی سیاسی پەیوەندیی بە لایەنی تیۆریی سیاسەتەوە، یان میتۆدی کاری سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کاراکتەری سیاسی، بە بکەری سیاسیکارەوە هەیە، کاتێ ناتوانێ بەوجۆرەی کە لە ناخیدایە، بەو جۆرەی کە دەیەوێ و عورفی سیاسی ڕێگەی پێنادات، وزە تووڕەییە کەڵەکەبووەکەی ناخی خۆی، فۆرمۆلە بکات و مەسرەفیی بکات بۆ ئەوەی نەبێتە ڕێگر لەبەردەم سیاسەتکردنیدا. بکەری سیاسی هەر کات لە عورفە سیاسیەکان دەرچوو، یان پێشێلی کردن، ئەوە بەشێوەیەکی مەترسیدار دەبێتە هۆکاری گۆڕینی سیاسەت بە سیاسەتی سووککردن!

بەمجۆرەش پەیوەندییەکی هۆکارمەند هەیە لە نێوان سوککردنی سیاسیی و سیاسەتی سوککردندا. هەرکاتێك سیاسەت بەهۆی بکەری سیاسییەوە لە مەداری ڕاستەقینەی خۆی دەرچوو، ڕەهەندیی سوکایەتیکردن لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و دەبێتە سیاسەتی سوککردن.

**وشەی (سوك) لە زماندا:**

وشەی سوك لە زمانی ئێمەدا لەبەرامبەر قورسدا بەکار دەهێنرێت: قورس و سوك، دوو وشەی پێوانەیین و بەهۆیانەوە کێشی شتێك دەستنیشان دەکرێ، یان بەراووردیان دەکەین. سوك کێشێکی کەمترە لەچاو قورسدا و ئەمەشمان کاتێك بۆ دەردەکەوێ کە تەرازوو سەنگەلا دەبێت، واتە لایەکی بەرز دەبێتەوەو لایەکەی دیکەی دادەکەوێ. بەرزبوونەوەکە کێشە سوکەکە ئاشکرا دەکات، لە کاتێکدا لایەکەی تری تەرازووەکە بە نیشانەی قورسی، دادەکەوێ و دەنیشێتە سەر عەرد.

سووککردنی سیاسیی هەڵگری هەمان مانایە، بەڵام نەك لە ڕێگەی بەرزبوونەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پەراوێزخستن و خستنەلا و گوێ پێنەدانەوە. ئەوەی لە کاتی کێشاندا بە سوك لە قەڵەم دەدرێ، ئەو کێشەیە کە بەرز دەبێتەوە، ئاشکرا دەبێت، لە کاتێکدا ئەوەی لە سیاسەتدا سوك دەکرێ، دەهێنرێتە خوارەوە، لێی کەم دەکرێتەوە، کێشی نامێنێ و فڕێ دەدرێتە لاوە. لێرەدا دژوازییەکمان هەیە: سوکیی لە کێشاندا تەرازووەکە دەباتە سەر و ئەمەش بە نیشانەی کەمیی کێش لێکدەدرێتەوە، کەچی سووکایەتیکردنی سیاسی، ئەو بەرزبوونەوەیە بە هێنانە خوارەوە، بە پەراوێزخستن و لە دەسەڵاتخستن و لێکەمکردنەوە، قەرەبوو دەکاتەوە. هێنانە خوارەوەکە بەمانا فیزیکیەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی لەبەر چاوودیدە نامێنێ و سەرنجی لەسەر لادەبرێ. دژوازییەکە لە جووڵەی سوکردنەکەدایە، نەك لە کێشی سوکیی خۆیدا، هەرچەندە کێشی سوکی لە کێشاندا ئاماژەیە بە سوکی چەندایەتی و ڕێژەی ئەو شتەی کێش دەکرێ، بەڵام لە سیاسەتدا، سوککردن پەیوەندیی هەیە بە لایەنی مەعنەوی و کێش و سوکایەتی چۆنایەتییەوە. سیاسەت بە مانایەکیتر، کەسەکە بەرجەستە دەکات، یان ئاشکرای دەکات، بۆ ئەوەی سوکیی بکات.

لە پەندێکی کوردیدا هاتووە: (بەرد لە جێی خۆی سەنگینە). ئەمەش بەمانای ئەوەی کە سەنگ و کێشی بەرد لەوەدایە لە جێی خۆی بمێنێ، یان مرۆڤ سەنگیی خۆی بە مانەوەی لە پێگەی خۆیدا دەپارێزێت، نەك بە بوار ڕەخساندن بۆ ئەوانیتر

**پێویستە قۆناغی سووکایەتیی سیاسیی، کە هەمیشە سیاسەتێکی سووککردنیی خۆی هەیە، بگوێزینەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی سیاسیی، کە ڕەخنەو ڕووبەڕووبوونەوە، ڕاشکاوی و واقیعیبوون، هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ، جێگەی سووکایەتیی سیاسیی و سیاسەتی سووککردن بگرێتەوە**

**سوکایەتیی سیاسی نەبوونی کەناڵی ڕاستەقینەی پەیوەندیی، یان ڕقی کەڵەکەبووی لایەنەکانە بەرامبەر یەکتری. ئەمە ئەو بوغزە مرۆییەیە کە لە شێوەی وزەیەکی مەسرەف نەکراوی شەڕانیدا، کەڵەکە بووە**

**پەیوەندییەکی هۆکارمەند هەیە لە نێوان سوککردنی سیاسیی و سیاسەتی سوککردندا. هەرکاتێک سیاسەت بەهۆی بکەری سیاسییەوە لە مەداری ڕاستەقینەی خۆی دەرچوو، ڕەهەندیی سوکایەتیکردن لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و دەبێتە سیاسەتی سوککردن**

تا ناچار بە هەڵکەندنی بکەن. مەحویی شـــاعیر گوتویەتی: (فەلەك هەرگا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هەلاکەتیە، کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە کورسیی و ئەسکەمل چ بکا؟). لێرەدا مەحوی گومان دەخاتە ســـەر گەردوون و زەمانە و ئەوە ئاشـــکرا دەکات کە هاتیی کەسێك لە زەمەنێکی دیاریکراودا و بەرزبوونەوەی لە پلەوپایە و کورســـیی بەدەســـتهێناندا، لە بنەمادا بۆ ئەوەیـــە کە ئەم جووڵەی بەرزکردنەوەیە بۆســـەر کورســـی، بۆ تەواوکردنی سرووشـــتی خۆیەتـــی، کە هێنانە خوارەوەیە، چونکە لەگەڵ هەموو هەڵبڕین و بەرزبوونەوەیەکدا، هێنانەخوارەوەیەکیـــش هەیە، ئەمەش لەســـەر کات و زەمانە وەســـتاوە. ســـوکایەتی سیاســـیی لە دووەمیاندایە، واتە لە ســـووککردن بەهۆی هێنانە خوارەوە، یان لە کێشی مەعنەوی دابەزاندن.

لـــە بـــواری کۆمەڵایەتیشـــدا ســـوك یان خۆســـوککردن و ســـوکایەتیپێکردن بەکاردەهێنریـــت. ســـوك لـــەم مانایـــەدا بەیادهێنەرەوەی ڕەفتار، قسە یان هەڵسوکەوتێکە، کە هەم بکەر بەهۆیانەوە خۆی سوککردووە و هەم سوکایەتیشی بە ئەوانیتر کردووە. لەبەر ئەوە سوکایەتی، نەك هەر تەنیا پەرچەکرداری دەروونـــی و ویژدانیی و مینتاڵیـــی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵکـــە بە پێی کرانەوە و داخرانیی ئەو کولتوورەی تیایدا ڕوو دەدات، پەرچەکرداری فیزیکیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەك شەڕ و پەلاماردان و تەنانەت خوێنڕشتنیش.

**سوکردن و سیاسەت:**

بۆچی لەکایەی سیاسەتی کوردیدا ئەوەندە سوکایەتیی سیاسی باوە، کە زۆر جار وابزانین، ئەم سیاسەتە لە بنەمادا سیاسەتی سوکایەتیکردنە؟ ئایا پەیوەندییەك و نیشانەگەلێکی ئاشکرای ئەوتۆ هەن، کە لە کایەی سیاســـیی هەرێمدا جەمسەرەکانی سوککردنی سیاسی و بکەری سیاسی و سیاسەتی سوککردن، پێکەوە ببەستێتەوە؟

لـــە ڕووی عورفی سیاســـیی و پرۆفێشـــناڵیزمەوە، کایەی سیاسیی هەرێم بە کایەیەکی سیاسیی سەرکەوتوو دادەندرێت، چونکە هیچ سنوورێکی سیاسی، یان کولتوورێکی سیاسیی نییـــە، کە بە خەتی ســـووریی لایەنەکان لە ئاســـت یەکتردا دابنرێت لە پێناوی شـــتێکی گەورەتر لە خۆیان، کە پێویستە بەهۆی سیاســـەتەوە سنوربەند بکرێت. ئەمە جگە لەوەی فرە کوێخایی و فرە مەرجەعیـــی و نەخوێندنەوەی خەتی یەکتر باڵادەستە. بۆیە ئەوەی پێی دەگوترێ هەیبەتی سیاسی، لە سیاسەتی هەرێمدا نەماوە، یان زۆر لاواز بووە. بکەر و لایەن و ڕاگەیاندنەکانی ئەم کایە سیاسیە، کاتێ بیانەوێ بیروڕاکانی خۆیان دەرببڕن یان تەعبیری سیاســـیانە لـــە خۆیان بکەن، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەنا بۆ سوککردنی سیاسی دەبەن. بۆ نموونە لە ڕاگەیاندنی هیچکامێك لە لایەنە سیاسیەکاندا، لە خوێندنەوەی دەنگ و باس و سەردێڕەکاندا ئەوە نابینینەوە کە سیســـتەمی سیاســـیی ئەم وڵاتە چۆنەو پلەبەندییەکەی کامەیـــە. هەتـــا ئـــەم ســـاتەوەختەش هەواڵیـــی یەکەمی ڕاگەیاندنەکان، بە هەواڵی ســـەرۆك و ســـکرتێری ئەو لایەن و حزبە دەســـتپێدەکات، کە خۆی خاوەنی کەناڵەکەیە. ڕەچاو نەکردنی پلەبەندییەکانی سیستەمی سیاسی، بۆخۆی زەمینە خۆشـــکردنە بۆ سوکایەتیی سیاسیی و سیاسەتی سوککردن. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی نەریتێکی سیاســـیی ستاندارد، هەروەکچۆن دەشگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شارەزایی لە تەکنیکی سیاسی و ئیدارەی سیاسییدا. لە غیابی ئەمەشدایە کە وزە کەڵەکەبووە شەڕانییەکەی مرۆڤ خۆی بەسەر بنەما ستانداردەکانی سیاســـەتی کردەییدا دەســـەپێنێ و وێنەیەك لەسەر سیاسەت دروست دەبێت، وەك ئەوەی پانتاییەك بێت بۆ شکاندن و ســـوککردن و هێنانە خوارەوەی کەسایەتیی یەکتر، نەك پەروەردەکردنی سیاسیانەی هاووڵاتیان لە ڕێگەی نمایشە سیاسیەکانەوە.

نەبوونـــی ڕەهەندیی پەروەردەیـــی و نموونەی باڵا لە کایەی سیاسیی هەرێمدا، وایکردووە پێگە سیاسیەکان ماناو ناوەڕۆکی سیاسیانەی خۆیان بدۆڕێنن و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هاووڵاتیان بە هەمان چاوەوە تەماشای پرۆسەی سیاسیی بکەن، کە بکەرانی سیاســـیی تەماشـــای یەکتری پێدەکەن. ئەم پێشـــێلکارییەی لایەنەکان لە ئاســـت یەکترو لە عورفی سیاســـیی وڵاتێکدا، هەر تەنیا مانا لە پرۆســـەی سیاسیی ناســـتێنێتەوە، بەڵکو خەڵکیش لە سیاسەتکردن و لە ڕەخنەی سیاسیی، یان نارەزایەتیی سیاسیی، کە بۆ خۆ نوێکردنەوەی پرۆسە سیاسیەکە پێویستە، دوور دەخاتەوە. ئەمڕۆ بە دیوێکدا هەموو شـــتێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەسیاسیی بووە، بەڵام بەدیوەکەی تردا هیچ شـــتێك سیاسیی نییە، هێندەی ئەوەی سوکایەتیی سیاسیی و سیاسەتی سووککردنە. ئەمڕۆ خەڵك باســـی سیاســـەت وەك غایەتێك لە خۆیدا ناکەن، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ ســـووککردنی بکەرانیی سیاسیی و سیاسەت لە خۆیدا.

لەبەر ئەوە ئەوەی ناوی کایەی سیاســـیە لە هەرێمدا ناتوانێ نۆرم و عورفی سیاســـیی گەورە دابڕێژێـــت و پەروەدەیەکی سیاســـیی بخاتـــەوە، چونکە هەر لەناو ئەم کایە سیاســـیەدا هەموو شـــتێك بە نییەتی ســـووککردنی ئەوانیترەوە دەکرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی عورفی سیاسیی.

کاریگەریی ئەم دۆخە لەســـەر نەوەی ئێســـتا و بەردەوامیی پێدانی لەلایەن بکەران و لایەنە سیاسیەکانەوە، بە پرینگانەوە و دوورکەوتنـــەوەی هاووڵاتیان لە سیاســـەت و بنەبڕکردنی بەشـــداریی سیاســـیی تەواو دەبێت، بەڵام بۆ نەوەی داهاتوو دەبێتە تراژیدیایەکی سیاســـیی، کە نە یادوەریی دەبێت و نە عورف و نە بنەمای ستاندارد. ئێمە تەنیا بە هۆی بەتینکردن و پتەوکردنیی عورفیی سیاســـی ستاندارد و پرۆفێشناڵانەوە، دەتوانین شوناســـی سیاســـیی خۆمان بەهێـــز بکەین و وەك تەعبیرێکی ڕەوا و ئاشـــکرا لە بوونی خۆمان بەرجەســـتەی بکەین. بەبێ شوناسی سیاســـی، بەبێ عورفی جێگرتووی سیاســـەتکردن، سوکایەتیی سیاســـی و سیاسەتی سوککردن بەردەوامیی خۆیان وەردەگرن.

---

*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین.**

# عەقڵانییەتی حوکمڕانی و تراژیدیای تاکڕەویی لە بەغدا

د. ئەنوەر بەرزنجی
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

بۆ خوێندنـــەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی عیراقی پڕ لە نەهامەتی و تراژیدیـــا؛ پێویســـتمان بە هەڵدانـــەوەی لاپەڕەکانی مێژووی کۆنینەی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە دەبێت، کەچوار هەزار ساڵ لەپێش زاینەوە دروست بوون. مێژوویەکی کۆنە کە پڕێتی لە ئەزموونی شارســـتانیەتەکانی سۆمەری و بابلی و داستانە دەوڵەمەندەکانی وەکو گلگامێش. کە تێیدا پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیاو رۆشنبیری و ئابـــووری بووەتە کلیلـــی دەرکەوتنی ئەو شارســـتانییەتانەو پەرەپێدانی.

کاتێك سۆمەرییەکان کە بەرەچەڵەك سامی نەبوون و بەکۆمەڵێك کەلتوورو نەریتەوە روویان لەعێراق کردو تێیدا نیشـــتەجێ بوون، خاوەنـــی شارســـتانییەتێك بوون کە لەگەڵ خۆیـــان هێنابوویان، ئەم نەتەوە ناســـامییە، بناغەو بنەمـــای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان دامەزراندووەو لەدوای خۆیان رۆڵیان لە پێگەیاندنی شارستانیەتیی ســـامی بابلیدا هەبووە، چیرۆك و داســـتانەکانی ئەو سەردەمە پڕیەتی لەمێژووی پڕ لە پەنـــدو عیبرەت بۆ ئەمڕۆ و دوارۆژ، پەنـــدو عیبرەتێك دەمانگەڕێنێتەوە بـــۆ خەونەکانی حەمورابی و چارەنووسی تراژیدیای گلگامێش ؛ کە دوو بۆچوون و بیرۆکەی جیاوازیـــان بۆ حوکمڕانی هەبووە، حەمورابی بەدوای بەدیهێنانی ئەو خەونەوە بوو کە چۆن ببێتە پاشـــایەکی راستەقینەو زیندوو، ئەوەبوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەمین یاســـای مەدەنی، توانی نهێنیی سەرکردەیەکی راستەقینە ئاشکرا بکات، بەپێچەوانەشەوە گلگامێـــش کە دەیویســـت بەهێزو تاکڕەویی دەســـەڵاتی خۆی بچەســـپێنێت. دوو حاڵەتی جیـــاوازە لەحوکمڕانـــی کە ئەمڕۆ عێراقییـــەکان کەوتوونەتە بـــەردەم عەقڵانیەتـــی حوکمڕانی و تراژیدیای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی تاکڕەویی .

عێراقی ئەمڕۆ کەوتۆتە ژێر تارمایی کەلتوورێکی کۆنی بەجێماوی لووت بەرزی و خۆبەزلزانی، بەمەش سەرکردە سیاسییەکانی بەغدا کەوتوونەتە ناو هەڵەیەکی مێژووییەوە کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەی عەقڵانی نادەن، ئەمەش واقیعێکی ناخۆشی دەرکەوتنی دەســـپێکی دیکتاتۆرییەتەو بـــە ڕوونی دەردەکەوێت، لەقەیرانی خراپی دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لەنێوان ناوەندو هەرێم و دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوەدا، ئێستا بەرپرسیارێتی لەغیابی بەشـــداریکردنی زۆرینە لەپرۆسەی سیاسی و ئابووری ونبووەو هاووڵاتی هەســـت بەغوبنێکی گەورە دەکات و پێی وایە سەرجەم پرۆســـەکە بووەتە تەنیا پرۆسەیەکی بەڵێن و قسەی بێ بنەمای بێ جێبەجێکردن، تەنانەت تاکە ڕێگای مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیـــی و دادپەروەریی زۆر دوورە، کە بەبڕوای زۆربەی شـــارەزایان تەنیا ڕێگایەك بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی بە بەدیهێنانی پرۆســـەی پەرەپێدانی ئابووری و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دەبێت . ســـەرکردایەتی بەتواناو کارا پێویســـتە تەرکیز لەســـەر خەڵکی بکاتەوە؛ هەروەکو چۆن لە٢٠٠٥ دا جۆی ئۆنس لەکتێبێکیدا کە باسی لە کیمیای سیاسەت دەکرد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: (گرنگ نییە سیاســـەتمەدار وەکو حاکمێك چۆن بیر دەکاتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خەڵك بکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە داواکارییەکەی خەڵك چییەو جێبەجێی بکات؟).

عێراق کەوتۆتە بارودۆخی میللەتانی دوای شەڕو خەڵکی لەهەموو بەڵێن و قســـەکان بێزاربوون و کەوتونەتـــە بارودۆخێکی ناهەموارو ناخۆشـــی پڕ لەکێشمەکێشـــی سیاســـی و پـــارت و نائارامی و کوشـــتن و فڕاندنی هاووڵاتیان. مێژوو وەڵامی ئەو پرســـیارەمان دەداتەوە کە بۆچی دەســـەڵاتە سیاســـیەکەی بەغـــدا نەیانتوانیوە تۆویـــی چڵە گەنمـــی ئاڵتوونی دیموکراتیـــەت بچێنێت؟ تاوەکو خەونـــە بچووکەکانی خەڵکی لەدابینکردنـــی خزمەتگوزارییەکان ببێتە واقیع، لەکاتێکدا خەونی گەیشـــتن بەئارامی و خۆ بژێوی و دابینکردنی خۆشـــگوزەرانی نەهاتەدی و، کوشـــتن و رفاندن و تیرۆرو هەژاری و بێکاری و نەخۆشی جێگای ئومێدەکانی کردەوە و لەژێر پاڵەپەستۆی هەڵاوسانی نرخەکان ئومێدی خەڵکە دەرامەتە دیاریکراوو مامناوەندییەکان لەباربران.

دەکرێت قەیرانەکانی عێراق بۆ سیاســـەتمەدارەکانی بگەڕێنینەوە، کە سیاسەتمەدارانی دەستڕۆیشتووی عیراق لەدەوڵەتی مەرکەزی و تاکڕەوێتـــی لەحوکمـــدا، خاوەنی کەلتوورێك بـــۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و تێڕوانینێك نین بۆ قبووڵکردنی بەرامبەرو کردنەوەی دەرگای گفتوگـــۆو دیالۆگ بۆ چارەســـەرکردنی گرێکوێرەکان هەروەکو چۆن حەمورابی پەیڕەوی کرد. ئەمە لەکاتێکدا ناوەڕۆکی دیموکراتیەت لەبنەڕەتێکـــی ئاینییەوە هاتووە، کە دەنگی میللەت پەیامی پێغەمبەرەکانە لەخواوەندەوە پێیان دراوە، بیرۆکەی شۆڕشی فەرەنســـاش لەم تێڕوانینەوە وەرگیراوە. بەواتا دەنگی میللەت دەنگی راســـتەقینەیەو نیـــزام و دادپەروەرییە، بەمشـــێوەیە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هۆکاری زۆربەی کێشەو تەحەدییەکانـــی ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و ئەمنییە لە عێراق دا، تەنانەت کێشـــەکان و ململانێیەکانی بەغداش لەگـــەڵ هەرێمی کوردســـتان لەو روانگەیـــەوە هاتووە، کـــە کەلتوورێکی مەرکەزی و تاکـــڕەوی وا لە عێراقدا هەیە قبووڵی هاوبەشـــی و فیدرالیەتی نییەو ڕێگایەکی دووری لەبەردەمدایەو تروسکایی دادپەروەری کز دەبێتەوە، بیرۆکـــەی فیدرالیـــەت کە لەکوردســـتاندا ســـەریهەڵدا تا بیرۆکەی کۆنی بەســـەرچووی مەرکەزییەت کۆتایـــی پێبهێنرێـــت، بەپێچەوانەوە عیراقی بەزۆر پێکەوە لکێندراوی هەرســـێ پارچەکـــە لەیەکتـــر دەبنەوەو لەدوارۆژدا بەیەکپارچەیی نامێنێتەوە.



## یۆرگن کارلینگ بۆ گوڵان:

# هەتا ئەگەر دیموکراسیەتیش بوونی هەبێت فیدرالیەت بەتەواوی کێشەی نەتەوەکان چارەسەر ناکات

**پرۆفیسۆر یۆرگن کارلینگ تۆژەری باڵایە لە سەنتەری ئاشتی (PRIO) لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج و پسپۆر و تایبەتمەندە لە جوگرافیای مرۆیی و دیمۆگرافیا و لێکۆڵینەوەکانی تایبەتن لەسەر کێشەی پەناهەندە و کێشە ئیتنیەکان لەجیهاندا، سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەری کێشە ئیتنیەکان ئەو ڕەهەندەی ئەمڕۆ لە جیهاندا وەریگرتووە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر یۆرگن کارلیك کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** تاچەند هەڵپەساردنی کێشەی ئیتنی بەبێ چارەسەر کاریگەریی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێت؟**

- بەڕای من ناکرێ پێشبینیی جموجۆڵ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین لەبارەی کێشەی ئیتنی لەبەرئەوەی سروشتی ناکۆکییەکان زۆر جیاوازن لە یەکتری، بۆنموونە لەوانەیە هەندێ لە کێشە و ناکۆکییەکان پەیوەندیی بە لایەنی ئیتنییەتەوە نەبێت و بەڵکو مەبەستێکی سەرکردە سیاسییەکان بێت بۆ وەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ ناسنامەی ئیتنی لەپێناو دەسەڵاتەکانی خۆیان، ئەگەر دوژمنایەتی لەنێوان گرووپەکاندا رووی لە هەڵکشان کرد، ئەوە ئەوکات هەڕەشەی گەورەتر دێتە کایەوە لەڕووی سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکی لەبارەی لایەنەکانی ئیتنی و ئایینی و لەئاکامیشدا دەرئەنجامی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە، لەپێناوی ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ئەو جۆرە شەڕ و ناکۆکییانە ئەوە پێویستمان دەبێ بەو جۆرە کۆمەڵگە و دامەزراوانەی کە ڕێز لە فرە ئیتنییەت دەگرن و هەروەها پێویستمان بەو جۆرە سەرکردە سیاسییانە دەبێ کە ئاراستەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان نەگۆڕن و نەیکەن بە پرسێکی ئیتنی.

*** یەکێك لەو ئاستەنگانەی دەبێتە لەمپەر لەبەردەم چارەسەری کێشە ئیتنیەکان، ڕێگەنەدانە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە نەتەوە جیاوازەکان، ئایا تاکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەکو شتێکی پیرۆز سەیری سنوورەکان دەکات؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئەستەمە لەبەرئەوەی جیاوازی لە بیر و بۆچوونەکان دەکەوێتە ئاراوە لەو بارەیەی کە ئایا کام سنوور کۆنە و کامەیان تازەیە، ئارەزوو بۆ گۆڕینی سنوورەکانی ئەمڕۆ هەندێ جار دەکرێتە پاساوێك بۆ گەڕانەوە بۆ سنووری نەژاد، هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لەبارەی سنوورەکانی خۆیان نیگەرانن و هەربۆیەیش پێیان باشە بارەکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە بۆنموونە کاتێك ئیسپانیا ڕەتیکردەوە دان بە کۆسۆڤۆ بنێت وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەپێچەوانەی هەموو ئەندامانی دیکەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسپانیا لەوە دەترسێ کە ئەگەر هات و گۆڕانکاری لە سنوورەکان ئەنجامدرا ئەوە لەوانەیە ئەو شتە ببێتە هۆی دابەشکردنی ئیسپانیا-یش.

*** بەڕای تۆ دانانی نەتەوە جیاوازەکان پێکەوە و بەزۆرەملێ مەترسیی ئەوەی لێ ناکەوێتەوە کە سەرلەنوێ توندوتیژی سەرهەڵبدات؟**

- مەسەلەی جیاکردنەوەی گرووپەکان لە یەکتری مەسەلەیەکی زۆر مەترسیدارە، یەکەم لایەن: ئەگەر هات و ئەو شتە لەلایەکەوە وەکو چارەسەرێك پیشاندرا ئەوە لەوانەیە لەلایەکی دیکەوە بۆ هەر هەمان چارەسەر ببێتەهۆی سەرهەڵدانی گرژی و توندوتیژی کە ئاکامەکەی پاکتاوی ئیتنی دەبێ، دووەم لایەن: هەمیشە کەمینەی ئیتنی بوونیان هەر دەبێت تەنانەت



لەنێو سیستەمێکی جیاکردنەوەی گشتگیریش، ئەگەر بێت و جیاکردنەوە وەکو چارەسەرێك بژمێرین ئەوە ئەوکات ئەو شتە دەکەین بە پاساوێك بۆ چەوساندنەوەی کەمینەکان. دەکرا هەمان ئەو نموونانە بەکار بهێندرایەن بۆ پیشاندانی تەحەدداکانی دروستکردنی دەوڵەتی نوێ لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆیش کێشەی بەردەوام لە کۆسۆڤۆ-دا هەیە لەنێوان ئەلبانییە زۆرینەکان و سڕبییە کەمینەکان، لە هەندێك کەیسدا دروستکردنی دەوڵەتی نوێ باشترین بژاردنە بەڵام ئەوە لەهەمان کاتیشدا هەرگیز چارەسەرێکی کامڵ نییە.

*** بەڕای تۆ چارەسەرنەکردنی پرسی کورد نابێتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکە؟**

- دوو کەیسی لە یەك جیاواز، هەربۆیە پێویستە بە وریاییەوە بەراورد لەنێوانیاندا ئەنجام بدەین، بۆنموونە لایەنێکی زۆر گرنگ لەبارەی بارودۆخی کورد ئەوەیە کە مەسەلەکە پەیوەستە بە هاووڵاتیانی کورد لە ٤ وڵاتی جیاواز، بێجگە لەوەیش، مەسەلەکە پەیوەستە بەو کوردانەی کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێن کە بەتەواوەتی کوردنشینە، هەروەها ئەو کوردانەی کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێن کە پێکهاتەی دانیشتوانی فرەیین، تەنانەت ئەگەر هات و دەوڵەتێکی سەربەخۆیش بۆ کورد لە باکووری عێراق دامەزرا، ئەوە ئەو شتە تەنیا بەشێك لە کێشەکان چارەسەر دەکات، خۆی لەخۆیدا پێویستە دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق لەسەر بنەمای پەیوەندیی باش بێت لەگەڵ ئەنقەرە و تەهران و دیمەشق و بەغدا لەبەرئەوەی ناتوانێ خۆی گۆشەگیر بکات، بەڵکو هاوسنوور دەبێ لەگەڵ دراوسێکانی، لەپێناو لەبەرچاوگرتنی شێوازە جیاوازەکانی بەرەوپێشەوەچوون پێویستە لە ئەزموونی هاووڵاتیانی سامی فێر بین کە نیشتەجێن لە باکووری نەرویج و سوید و فنلەندا و روسیا، کە پاش مێژوویەکی زۆر سەخت ئەمڕۆ ئەوان خاوەنی دامەزراوەی باش و هەماهەنگیی هەرێمیی پتەون لەسەرتاسەری ئەو ٤ وڵاتە.

*** فیدراڵییەت چۆن کێشەی ئیتنی و نەتەوەیی چارەسەردەکات، بۆنموونە عێراق؟**

- بەڕای من ناکرێ بەگشتی ئەوە بڵێین کە فیدراڵییەت باشە یان خراپە، نەبوونی دیموکراسییەت کێشەیەکی سەرەکییە بە رەچاونەکردنی ئەوەی کە وڵاتەکە فیدراڵە یان نا، تەنانەت ئەگەر دیموکراسییەتیش بوونی هەبێت ئەوە فیدراڵییەت کێشەکان بە هەمیشەیی چارەسەر ناکات، بەڵکو پێویستیی بەوە هەیە کە بەتێپەڕبوونی کات بە باشی بەڕێوە ببردرێت، بۆنموونە فیدراڵییەت لە بەلجیکا پرۆبلەماتیکە، بەڵام لە سویسرا سەرکەوتووە لەکاتێکدا هەردووك وڵات دیموکراسیشن، سەبارەت بە عێراق-یش پێویستە ناوچەی کوردی لەبیر نەکرێت لەمڕووەوە، کە سەقامگیریی و خۆشگوزەرانیی تێدا هەیە، کە لەوانەیە بتوانێ شتێك لە دەرەوەی سنوورەکانی ببەخشێ.

**هەندێک کێشە تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ چارەسەر دەکرێت، بەڵام مەرج نییە ئەمە بۆ کێشەیەک چارەسەر بێت**

**فیدرالیەت بەتەواوەتی کێشەی ئیتنی چارەسەر ناکات، سەیر بکەن لە فیدرالیزمی بەلجیکا کێشە هەیە، بەڵام لە سویسرا سەرکەوتووە هەردوو وڵاتیش دیموکراتین**

# ئیرادەیەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا

**توندوتیژی بە چەشنێك شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکشکاندووە، لێك دوورکەوتنەوەو دوورەپەرێزیی کوردو تورك لە ڕووی هەست و سۆزەوە، گەیشتۆتە خاڵێك کە هەڕەشەیەکی جیددی لە یەکێتی نیشتمانی دەکات. کەواتە زەڕوورەتی دووبارە دارشتنەوەی پێناسەی نەتەوەیی بوون و مافەکانی هاووڵاتیان وەك ئەولەویەتێك خۆی دەسەپێنێت. دەستووره نوێیەکە دەرفەتێکی باش و گونجاو دەبێت بۆ بەدیهێنانی چاکسازییە درەنگ وەختەکان و بنیاتنانی سیستمێکی یەکسانخواز کە تێیدا هیچ گرووپێك ئیمتیازی باڵاتری پێنەدرێت، یاخود جیاکاری لە دژ نەکرێت، بە هەنجەتی ئەوەی کەلتوورو سروشتێکی دیاری کراوی هەیە.**

**ئەو ئومێدەی کە هاتەئاراوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك لە ڕێی گفتوگۆوە پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی نوێیە: زمانێك هەموان لە خۆبگرێت، زمانێکی ڕێزگرتوو بێت و شەڕخواز نەبێت، کە وا لە ڕکابەرەکان بکات هەست بکەن لە ئایندەدا دەبنە شەریك، ئەمە کارێکی ئاسان نییە. پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکە کە ناکۆکی ئێستا بگۆڕێت بە دەرفەتی بە دیموکراتیزەکردن.**

دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت


هەمان ئەو کاتە گەیشتمە فڕۆکەخانەی ئەتاتورك کە تەرمی سێ ئافرەتە پەکەکە هێنرانەوە، ئەو ئافرەتانەی هەفتەی پێشوو لە پاریس تیرۆرکرابوون، بەهۆی قەرەباڵغیەکەی دەوروبەری فرۆکەخانەوە ماوەیەکم پێچوو تاوەکو فڕۆکەخانەکە جێبهێڵم، هەستم چۆن بوو؟ ئەوەی لە هەر شتێکی دیکە زیاتر دڵتەنگی کردم، ئەم سێ ئافرەتە گەنجە بۆ ئەوە دەگەڕێنرێنەوە تاوەکو لە ژێر خاکی نیشتمانەکەی خۆیاندا بنێژرێن، ئەو نیشتمانەی نەیانتوانی بە ئاشتی لەگەڵ هاووڵاتیەکانی خۆیاندا ژیانی تێدا ببەنەسەر، بۆچی بەهەشتی وێناکراوی کەسانێك دۆزەخە بۆ ئەوانی دیکە؟

ئێمە باش دەزانین کە ئەو چارەسەرەی پێشنیارکراوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی پێی دەڵێن «کێشەی کورد»، کە لە ڕاستیدا پرسێکی پەیوەست بە هاووڵاتی بوونێکی نایەکسان، پەیوەست بە مەرکەزیەتێکی خۆسەپێن و ماف و ئازادییە سنوردارکراوەکانەوەیە، چارەسەرێکی گونجاو نییە لەگەڵ دیموکراسیەتێکی تەواو گەشەکردوودا کە لەسەر بنەمای ڕاستکردنەوەی مامەڵەی جیاکارانە لەگەڵ هاووڵاتیان و، گرووپە ئیتنی و ئایینی و کەلتوورییەکاندا بنیات نرابێت. کەواتە هیچ ناکۆکیەك چارەسەر ناکرێت پێش چەسپاندنی بنەمای «یەکسانبوون لەبەردەم یاسا»دا.

کورد بە گشتی بێزار و نائومێدن لەو مامەڵە جیاکارییەی لە وڵاتێکدا ڕووبەڕووی دەبنەوە کە بە درێژایی مێژوو بەرگرییان لێکردووە و بە هەمان ئاستی تورکەکان قوربانیان داوە بۆ بنیاتنانی دەوڵەتەکە، نارەزایی ئەوان دژ بەم سیستمە ستەمکارە دڵڕەقانەیە سەرکوت کرا. چەند دەیەیەك دواتر گرووپێك لە کوردەکان پاڵپشت بە ڕەوتی جیهانی دیموکراتخوازی بە هەمان ئەو شێوازە وەڵامی دەوڵەتی تورکیایان دایەوە، کە بریتی بوو لە توندوتیژی. توندوتیژی بە چەشنێك شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکشکاندووە، لێك دوورکەوتنەوەو دوورەپەرێزیی کوردو تورك لە ڕووی هەست و سۆزەوە، گەیشتۆتە خاڵێك کە هەڕەشەیەکی جیددی لە یەکێتی نیشتمانی دەکات. کەواتە زەڕوورەتی دووبارە دارشتنەوەی پێناسەی نەتەوەیی بوون و مافەکانی هاووڵاتیان وەك ئەولەویەتێك خۆی دەسەپێنێت. دەستووره نوێیەکە دەرفەتێکی باش و گونجاو دەبێت بۆ بەدیهێنانی چاکسازییە درەنگ وەختەکان و بنیاتنانی سیستمێکی یەکسانخواز کە تێیدا هیچ گرووپێك ئیمتیازی باڵاتری پێنەدرێت، یاخود جیاکاری لە دژ نەکرێت، بە هەنجەتی ئەوەی کەلتوورو سروشتێکی دیاری کراوی هەیە.

هۆکاری دیکەش هەن کە وا دەکەن چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویست بێت:

١. ئەو باجەی سەرجەم کۆمەڵگە داویەتی زۆر گران






**ئەم سێ ئافرەتە گەنجە بۆ ئەوە دەگەڕێنرێنەوە تاوەکو لە ژێر خاکی نیشتمانەکەی خۆیاندا بنێژرێن، بۆچی بەهەشتی وێناکراوی کەسانێك دۆزەخە بۆ ئەوانی دیکە؟**

ڕاوەستابوو، زۆرینەی نەتەوەی تورك و نەتەوەی کورد خوازیاری چارەسەرن بۆ کێشەکان.

٢. چەندین کادری فەرمانڕەوای سەربازیی لە دەسەڵات لادران، تا بوار بۆ ڕێگاچارەی مەدەنی بڕەخسێنرێت.

٣. ناکرێت تورکیا ببێتە سەرکردەیەکی هەرێمیی و ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی، لە کاتێکدا لەناوخۆدا ئەم وزەیەی لێ بە فیڕۆ دەڕوات.

٤. «کێشەی کورد»بۆتە «واقیعی کوردستان» لە دەرەوەی تورکیا. شکستهێنان لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ناوخۆدا ڕەنگە سەربکێشێت بۆ بەرفراوانبوونی کوردستانی- بنیاتنراو لە دەرەوە- بۆ ناو خاکی تورکیا.

ئەو ئومێدەی کە هاتەئاراوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك لە ڕێی گفتوگۆوە پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی نوێیە: زمانێك هەمووان لە خۆبگرێت، زمانێکی ڕێزگرتوو بێت و شەڕخواز نەبێت، کە وا لە ڕکابەرەکان بکات هەست بکەن لە ئایندەدا دەبنە شەریك، ئەمە کارێکی ئاسان نییە. پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکە کە ناکۆکی ئێستا بگۆڕێت بۆ دەرفەتی بە دیموکراتیزەکردن، بوارم پێبدەن ڕوونی بکەمەوە مەبەستم چییە لە چیرۆکێکی ناوازە:

«ژن و پیاوێك بۆ ماوەی شەست ساڵ بوو هاوسەرگیرییان کردبوو. هاوبەش بوون لە هەموو شتێکدا، لە زۆربەی خۆشییەکاندا. هیچ نهێنییەك لە نێوانیاندا نەمابوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئافرەتە بەساڵاچوەکە کارتۆنێکی پێڵاوی هەبوو کە لەسەر دۆڵابەکەی خۆی دایانابوو، مێردەکەی ئاگادارکردبۆوە کە هەرگیز نەیکاتەوە، یان پرسیاری لێنەکات لەبارەیانەوە. لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا، پیاوەکە هەرگیز بیری لەو کارتۆنە نەکردبۆوە، بەڵام ڕۆژێك ژنە بەساڵاچووەکە زۆر نەخۆش کەوت و پزیشکیش وتی هەرگیز چاك نابێتەوە.

بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی خۆیان، پیاوە بەساڵاچووەکە کارتۆنەکەی داگرت و هاتە سەر جێی ژنەکەی. ژنەکە ڕازی بوو بەوەی کاتی ئەوە هاتووە مێردەکەی بزانێت چی لەو کارتۆنەدایە. کاتێك پیاوەکە کارتۆنەکەی کردەوە، دوو بووکەشووشەی چنراو و هەندێ پارەی تیابووکە بڕی پارەکە نزیکەی ٩٥،٠٠٠ هەزار دۆلار دەبوو. پیاوەکە پرسیاری لەبارەیانەوە کردو ژنەکەش وەڵامی دایەوەو وتی، کاتێك هاوسەرگیریمان کرد، بەڵێنمدا کاتێك توڕەدەبم لێت، هەرگیز مشتومڕت لەگەڵ نەکەم. لەبری ئەوەش بڕیارمدا بووکەشووشەیەك دروست بکەم.

ئەم قسەیە زۆر کاریگەری هەبوو بەسەر پیاوە بەساڵاچووەکەوە. تەنیا دوو بووکەشووشەی بە نرخ لە کارتۆنەکەدا هەبوون. نزیك بوو شاگەشکە بێت لە خۆشیدا بەهۆی ئەو هەموو ساڵانەی پێکەوەژیان و یەکترییان خۆشویست. پێی وت ئازیزەکەم ئەمە مانای بووکەشووشەکانم زانی، ئەی ئەو هەموو پارەیە چییە؟ ژنەکەی وتی: ئۆە، ئەم پارانەم بەهۆی فرۆشتنی بووکەشووشەکانەوە کۆکردۆتەوە.

مەغزای ئەم چیرۆکە ئەوەیە: کە هەموو کەسێك لە ئاشتیدا دەستکەوتی باشی دەبێت.

**«کێشەی کورد»بۆتە «واقیعی کوردستان» لە دەرەوەی تورکیا. شکستهێنان لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ناوخۆدا ڕەنگە سەربکێشێت بۆ بەرفراوانبوونی کوردستانی- بنیاتنراو لە دەرەوە- بۆ ناو خاکی تورکیا**

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**





# ئایا لە شەش مانگی داهاتوو رژێمی ئەسەد دەڕووخێت؟

## لەناو درامای کارەساتێکی مرۆییدا چاوەڕێی گۆڕانکاری گەورە دەکرێت





**بێگومانم لەوەی بە ڕۆشتنی ئەسەد باردۆخێكی دیكە دێتە ئاراوە باردۆخێک كە بەدڵنیایەوە ئێران پێی خۆش نابێت**

**ئەگەر ئەسەدیش ناچار بكرێت بڕوات، ئەوا سوپا و حزبی بەعس تێكناشكێن و ڕەنگە ئەو كاتە ڕووبكەنە چیاكان و مقاوەمەی چەكداری بكەن**

ریچارد هاس سەرۆكی ئێستای ئامۆژگای پەیوەندییەكانی دەرەوە و سەرۆكی پێشووی ستافی پلاندانەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئیدارەی كلنتۆن، لەدوایین پێشبینیەكانی بۆ كۆتایی هاتنی رژێمی ئەسەد، پێشبینی ئەوە دەكات كە لەماوەی شەش مانگی داهاتوو رژێمی ئەسەد كۆتایی دێت، بەڵام ئەم پێشبینی كردنە هەتا ئەگەر لەسەر كۆمەڵێك داتا و زانیاری ورد و چاودێریەكی زۆر زیرەكانەش بونیاد نرابێت، هێشتا مانای ئەوەنییە لە شەش مانگی داهاتوو رژێمی ئەسەد لەدەسەڵات دەمێنێت یان نە، بەڵام ئەوەی كە هەموو لایەك لەسەری كۆكن ئەوەیە كە رووخانی رژێمی ئەسەد بۆتە شتێكی حەتمی و مەسەلەی مانەوەی تەنیا كاتە، بەڵام نازانرێت ئەم كاتە چەند دەخایەنێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە رۆژنامەنووسی ناسراوی توركیا سامی كۆهین كرد، ئەو لە لێدوانە تایبەتەكەیدا بۆ گوڵان پشتگیری ئەو بۆچوونەی نەكرد كە لەماوەی شەش مانگ یان كاتێكی دیاركراودا رژێمی ئەسەد دەڕووخێت، بەڵام جەختی لەسەر ئەوەكردەوە رووخانی رژێمی ئەسەد حەتمەیەو ئەو رژێمە ناتوانێت بەردەوام بێت، لەمبارەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو گووتی: (ئێمە قسە و باسی زۆرمان بیست لەبارەی ئەوەی رژێمی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا نامێنێت و دەڕووخێت، بێگومان ئەوانە تەنیا مەزەندە بوون. چونكە هیچ كەسێك ناتوانێت زەمانەتی ئەوە بكات ئەمە چەند دەخایەنێت. بەڵام ڕاستیەكە ئەوەیە كە هەموومان باوەڕمان وایە كە ڕووخانەكەی شتێكی حەتمیە، چونكە ناتوانێت تەنیا بە پشتبەستن بە بەكارهێنانی هێز و سەركوتكردنی خەڵكەكەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوە وەرچەرخانێك دەبێت لە مێژوودا، بە هەر شێوەیەك بێت ئەو دەبێت دەسەڵات جێبهێڵێت. بەڵام چەند زووتر بێت باشترە، تەمانناكمان دەكرد زوو ئەم كارەی بكردایە، چونكە ئێستا زیاتر لە ٦٠،٠٠٠ كەس كوژراون و سەدان هەزار كەس بێ ماڵ و حاڵن و بە سەدان هەزار ئاوارەی سوری لە وڵاتانی دراوسێدا هەن، لە نێویاندا توركیا، كە حاڵی حازر ١٥٠٠٠٠٠ ئاوارەی سوری هەیە لەم وڵاتەدا. لەبەر ئەوە هەروەك پێشتر وتم تا زووتر دەسەڵات جێبهێڵێت باشترە، بەڵام ئەمە هەر ڕوودەدات، بەڵام زەحمەتە كاتەكەی دیاری بكەیت، بە دڵنیاییەوە ئێمە پێش شەش مانگ گوێبیستی ئەوە بووین كە لە ماوەی شەش مانگ و ڕەنگە زووتریش. بەڵام ڕاستیەكە ئەوەیە ناكرێت چیتر ئەم بارودۆخەكە درێژەبكێشێت بەم شێوەیە. ئەمە لەلایەك، بەڵام لەلایەكی دیكە كاتێك ئێمە باس لە ڕووخانی ڕژێمی سوریا دەكەین، ئایا لە دوای ڕووخانەكەی چی ڕوودەدات و بارودۆخەكە چۆن دەبێت. حاڵەتە میسالیەكە بۆ خەڵكی سوریا ئەوەیە ڕژێمێكی سەقامیگریان هەبێت كە پرۆسەیەكی دیموكراسی پیادە بكات، كە هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام بدرێت و پەرلەمانێكی نوێ و دەستوورێكی نوێ بێتەئاراوە و پابەندبوون هەبێت بە بنەماكانی یەكپارچەیی خاك و یەكێتی نەتەوەییەوە. پرسیارە سەرەكیەكە ئەوەیە ئایا ئەكرێت پارێزگاری لە یەكپارچەیی خاك و یەكێتی نەتەوەیی سوریا بكرێت. حاڵی حازر لە ئاڕاستە جیاوازەكانەوە هەڕەشە بەدی دەكەیت لەبارەی جیاوازیە ئیتنی و تائیفیەكانەوە، ئێمە ڕووداوی لەم چەشنەمان بینی لە سوریادا ڕوودات. ئەمە مایەی كارەساتێكی گەورە دەبێت بۆ دەوڵەتی سوریا و هەروەها بۆ ناوچەكەش، لەبەر ئەوە دەبێتە فاكتەرێكی ناسەقامگیری نەك تەنیا بۆ سوریا، بەڵكو بۆ تەواوی ناوچەكە. لەبەر ئەوە گرنگە یەكپارچەیی خاكی سوریا بپارێزرێت و لە دوای ڕووخانی ئەسەد قۆناغێكی ڕاگوزەری بێتە ئاراوە كە تێیدا سەقامگیری و دیموكراسی بگەڕێنرێتەوە)).

كەواتە ئەوەی سامی كۆهین ئاماژەی پێدەكات تەنیا گەشبینیەكەی ئەوەندەیە رژێمی سوریا ناتوانێت تەنیا بەسەركوتكردن لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستاش رووەدەدات كارەساتێكی مرۆیی گەورەیە، بۆیە ئەگەر مانەوەی ئەم رژێمە درێژە بكێشێت، ئەوا گەلی سوریا دووچاری نەهامەتی گەورەتر دەبێتەوە، لەمەش خراپتر وەك پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانكۆ ئۆكلاهۆما و تایبەتمەند و چاودێر لەسەر پرسی سوریا بە گوڵانی راگەیاند، كێشەكە تەنیا بە دووركەوتنەوەی ئەسەد و رژێمەكەی لەدیمەشق كۆتایی نایەت و هەتا ئەگەر ئەسەدیش نەمێنێ لەوانەیە پاشماوەی حزبی بەعس دەست بە مقاوەمەی چەكداری بكەن، لەمبارەوە پێی گووتین: (من وای دەبینم مانەوەی رژێمی ئەسەد لەچەند مانگێكدا تەواو نەبێت و لەوە زیاتر درێژە بكێشێت، لەمەش خراپتر ئەوەیە تەنانەت ئەگەر ئەسەدیش ناچار بكرێت بڕوات، ئەوا سوپا و حزبی بەعس تێكناشكێن و ڕەنگە ئەو كاتە ڕووبكەنە چیاكان و مقاوەمەی چەكداری بكەن، هەربۆیە ئەگەر ئەسەد لە دیمەشق دووربخرێتەوە، ئەوا ڕوودەكاتە كەنارەكان كە دەبێتە جێ پێی ئێران و ئەو كاتە زەحمەت دەبێت بەهاری عەرەب بتوانێت تێكی بشكێنێت، كە زۆر ڕێكخراو دەبێت و كۆنترۆڵێكی باشی دەكات و پشتیوانی بەدەست دەهێنێت، ئەمە ڕێی تێدەچێت. بۆ ئێرانیش باش دەبێت كە ناوچەی كەناراوەكان ببێتە شوێنی نفوزی ئەو، وەك حزبوڵا لە لوبنان، ئەمەش هاوكار دەبێت بۆ كوردەكان، لەبەر ئەوەی عەرەبەكان شەڕی عەلەویەكان دەكەن، نەك كوردەكان. بۆیە ئەو بۆچوونە راستە دوای رووخانی ئەسەد گۆڕانكاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوەی عەرەبی سوننە دەبنە میراتگیری دەسەڵات و دەبنە هاوپەیمانی توركیا و سعودیە، ئەمەش نیگەرانیەكی زۆر بۆ كوردەكان دروست دەكات، لەبەر ئەوەی لە نێوان ڕێگاچارەی گرتنەبەری

حکومڕانیەکی مەحەلی یان سەربەخۆیی دەبێت بڕیارێکی دیکە بدەن ئەمەش زۆر قورسە. ئەمریکا پەرە بە بۆچوونێك دەدات کە کوردەکانی سوریا هاوشێوەی کوردەکانی عێراق نین. هەروەها کاتێك پشتیوانی موعارەزەی سوری دەکەن، موعارزەش- عەرەبی سوننە- بەو مەرجە پاڵپشتی لە ئۆتۆنۆمیەك دەکەن بۆ کوردەکان کە سەرنەکێشێت بۆ سەربەخۆیی، ئەمەش بارودۆخێکی قورسە)).

**قەیرانی سوریا**

**لەناو هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا**

لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی سوریا دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی زۆری وڵاتی سوریا لەدەست داوە و هەروەها لەناو دیمەشقیش بەشێکی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا مانەوەی ئەسەد لەنێو هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا جێگەی مشتومڕە و هەندێك دەوڵەت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پشتگیری لەمانەوەی ئەسەد دەکەن، سەبارەت بەم لایەنە و لەسەر ئاستی ئیقلیمی تورکیا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، دەربارەی ئەم لایەنە ڕۆژنامەنووس سامی کۆهین لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان باسی لەم لایەنە کردو گووتی: (تورکیا ڕۆڵێکی دیار و گرنگی بینیوە لە قەیرانی سوریادا، ئەمە لە لێدوانەکانی بەرپرسەکانی تورکیا، لە لێدوانەکانی سەرۆك وەزیران و هەموو بەرپرسەکانی دیکەوە ئاشکرایە کە تورکیا بێئەندازە نیگەرانە لەو بارودۆخەکەی لە سوریا دێتەئاراوە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێستای سوریاوە. لەبەر ئەوە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بەو ئاراستەیەدا، لە ڕێی پشتیوانیکردنی موعارەزەوە، لە ڕێی دالدەی نەك تەنیا موعارەزەی مەدەنی، بەڵکو هەندێ لە گرووپەکانی موقاوەمەشی دالدە داوە، بە دڵنیاییەوە ئەمە بەو مانایە نایەت تورکیا ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی کردووە لەو کردەوە سەربازیانەی لە سوریادا ڕوودەدەن، بەڵام پشتیوانی موعارەزەی کردووە، بە موعارەزەی مەدەنی و هەروەها بزووتنەوەی موقاوەمەشەوە، ئەوەی پێی دەووترێت «سوپای سوری ئازاد». کەواتە هەڵوێستی تورکیا لەم ڕووەوە تەواو ڕوون و ئاشکرابووە و ڕاگەیەنراوە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، کە تورکیا لایەنی ڕاستی گرتووە، لایەنی ڕاستی مێژووی گرتووە و خوازیارە بە زووترین کات حکومڕانە تاکڕەوەکە لە دەسەڵات دووربخرێتەوە. بە دڵنیاییەوە لەو ڕووەوە تورکیا خۆشحاڵ دەبێت بە گۆڕانی ڕژێمەکە و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ڕژێمێکەوە کە نوێنەرایەتی خەڵك بکات. کە بەهۆی هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە پێکبهێنرێت، هەروەها پەرلەمانی نوێ و دەستووری نوێ بێنەئاراوە. حکومەتی تورکیا پەرۆشە بۆ بینینی ڕۆڵێك کە خستنەڕووی ئەزموونی خۆی لە خۆبگرێت لە بواری پرۆسە دیموکراتیەکەدا، هەروەها پاڵپشتی سوریەکان بکات بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان، چونکە وڵاتەکەیان وێرانکراوە، و ئێستاش پێویستی بە هەوڵێکی زۆر بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی. لەبەر ئەوە تورکیا بایەخێکی زۆر دەدات بە هاوکاری کردنی خەڵکی سوریا و ڕێکخراوە سیاسیەکانی تورکیا و پیاوانی کاری سوری بۆ دووبارە بوژاندنەوەی ئابووری سوریا کە لە دۆخێکی کارەساتبارداپە. بۆیە من بێگومانم لەوەی بە ڕۆشتنی ئەسەد بارودۆخێکی دیکە دێتە ئاراوە بارودۆخێك کە بەدڵنیاییەوە ئێران پێی خۆش نابێت، لەبەر ئەوەی هێشتا ئێران پشتیوانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکات. هەروەها ڕوسیا کە یەکێکە لە وڵاتە کەمەکانی جیهان کە هێشتا پشتیوانی لە تاکڕەوێك دەکات. شتێك کە بە بەردەوامی و بە ڕوونی گوزارشتی لێدەکرێت، لەلایەن بەرپرسەکانی تورکیا، لەلایەن سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، ئەوەیە کە جێی سەرسوڕمانە کە ئێران پشتیوانی لە تاکڕەوێك بکات لە وڵاتێکی موسڵماندا کە هەوڵدەدات خەڵکەکەی سەرکوت بکات. لەبەر ئەوە ئەمە مایەی ئیحراجیەکی گەورە دەبێت و ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا. بە دڵنیاییەوە ئەمە لەگەڵ خواست و پێشبینی تورکیا لەبارەی بارودۆخی سوریاوە، دەگونجێت)).

**ڕۆژ لەدوای ڕۆژ**

**کارەساتی مرۆیی لە سوریا گەورەتر دەبێت**

ئەوەی زۆر کەم لە قەیرانی سوریا باسی لێوە دەکرێت مەسەلەی ئەو قەیرانە مرۆییەیە کە بەهۆی شەڕی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و هێزەکانی ڕژێمی سوریاوە دروست دەبێت، تەنانەت لەم زستانە ساردەدا کە بەشێکی زۆر خەڵکی سوریا لەناو سوریا ئاوارە بوون، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان ناتوانن هاوکاری پێویست بگەیننە ئاوارەکان، بۆیە لەم بارودۆخەدا کە لەسەر ئاستی سیاسی تەنیا باس لە ڕووخانی ئەسەد و گۆڕانکارییە سیاسیەکان دەکرێت، لەسەر ئەرزی واقیع کارەساتێکی مرۆیی هەیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش خراپتر دەبێت، سەبارەت بەم لایەنە پرۆ فیسۆر دۆن چاتی ئوستادی ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی ئکسفۆرد و تایبەتمەند لەسەر دەرکراو و ئاوارەکانی کێشە ناوخۆییەکان، سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستای سوریا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان، ئەوەی ئێستا لە سوریا هەیە بە کارەساتێکی مرۆیی ناوبرد و گووتی: (ئەمڕۆ پێشوەختە کارەساتی مرۆیی لە سوریا ڕوویداوە و بەشێك لە هۆکارەکانی پشت ڕوودانی ئەو کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتەکەی ئەسەد کە ڕێگە نادات ڕێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی مرۆیی و هاوکاریی نێودەوڵەتی یارمەتی بۆ وڵاتەکە دابین بکەن، تەنیا لەڕێگەی ڕێکخراوی مانگی سوور لە سوریا نەبێت، ڕاستە ڕێکخراوی مانگی سوور لە سوریا ڕێکخراوێکی



**سامی کۆهین بۆ گوڵان:**

**هەمووەمان باوەڕمان وایە کە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد شتێکی حەتمیە، چونکە ناتوانێت تەنیا بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی هێز و سەرکوتکردنی خەڵکەکەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە**





دۆن چاتی بۆ گوڵان:

# کارەساتی مرۆیی پێشوەختە لە سوریا روویداوە و پێویستە دانوستان لەگەڵ حکومەت بکرێت بۆئەوەی رێگەبدات بە چوونە ژوورەوەی یارمەتیی مرۆیی

گەورە و چالاکە بەڵام بەس نییە و ناتوانێ بە تەنیا هەموو یارمەتی و پێداویستییە مرۆییەکان دابین بکات، باس دەکرێ کە نزیکەی نیو ملیۆن هاووڵاتیی سوری لەدەرەوەی سنوورەکان ئاوارەن لە تورکیا و لوبنان و ئوردون، بەڵام هاوکات زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو هاووڵاتی لە ناو خاکی سوریا ماڵ و حاڵیان جێهێشتووە و پێویستییان بە خۆراك و سووتەمەنی و بژێوی ژیان و چارەسەری پزیشکی هەیە و ئەو لایەنانەیش بەپێی پێویست دابین ناکرێت و بە ئاستێکی باش ناگاتە سوریا لەبەرئەوەی ئەندامانی رێکخراوی مانگی سوور لە سوریا ژمارەیان بەس نییە بۆ رووماڵکردنی هەموو پارچەکانی سوریا و یارمەتیدانی هاوڵاتیان، هەربۆیە کارەساتی مرۆیی پێشوەختە لە سوریا روویداوە و پێویستە دانوستان لەگەڵ حکومەت بکرێت بۆئەوەی رێگەبدات بە چوونە ژوورەوەی یارمەتیی مرۆیی زیاتر بۆ ناو خاکی سوریا و هەڵبەتە ئەمەیش لایەنێکی زۆر زەحمەتە، سەبارەت بە ئەمریکا-یش ئەوە زەحمەتە لەمبارەیەوە بیخەملێنین لەبەرئەوەی من باوەڕناکەم ئیدارەی ئۆباما گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ وەدیبێنێت، بەڵام هاوکات پێموایە ئیدارەی نوێ لە حکومەتی ئەمریکی ژمارەیەکی زیاتر لە کەسانی پسپۆر و شارەزا لەخۆی دەگرێت کە زیاتر لە ناوچەکە و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێگەیشتنیان هەیە و ئەوان زیاتر مێشك کراوە و تێگەیشتوون، بۆیە پێموایە لەوانەیە هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ و هانی ئەسەد بدەن و گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجام بدەن بۆ وازهێنان لە دەسەڵات و ئەمەیش بەڕای من شتێکی باشە لەبەرئەوەی بۆ حاڵی حازر زۆربەی هاووڵاتیانی سوریا خۆزگە دەخوازن شەڕەکە بوەستێت و بەلایانەوە گرنگ نییە چۆن، خەڵکی سوریا دەیانەوێ بارەکە ئاسایی ببێتەوە و شەڕ بووەستێ و تەنانەت گەر ئەسەد لە دەسەڵاتیش بمێنێت یان نا، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ بەلای هاووڵاتیانەوە گرنگە ئەوەیە کە بارودۆخەکان ئاسایی ببێتەوە و ژیانێکی باش بۆیان فەراهەم بکرێت، بەڕای من خەڵکی سوریا بۆ ئاییندە دەڕوانێ و ژیانێکی باشی دەوێ تەنانەت گەر بە مانەوەی ئەسەد-یش بوو یاخود بە رووخانی، هەربۆیەیش بەڕای من کەیسەکەی





جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

## ئەو بۆچوونە راستە دوای رووخانی ئەسەد گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوەی عەرەبی سوننە دەبنە میراتگیری دەسەڵات و دەبنە هاوپەیمانی تورکیا و سعودیە

سوریا زۆر ئاڵۆزە)).


ئەوەی خاتوو دۆن چاتی ئاماژەی پێکرد واقیعی کارەساتە مرۆییەکەی خەڵکی سوریایە کە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە رووبەڕووی بوونەتەوە، سەبارەت بەم لایەنە سامی کۆهین پێیوایە ئەوەی زۆر نیگەران بن بەم کارەساتە مرۆییە دەوڵەتانی دراوسێی سوریا وەك تورکیا و ئوردن و لوبنان و هەروەها هەرێمی کوردستانیش لە عێراقدا، لەمبارەوە بەمجۆرە لە کۆتایی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە راوەستاو گووتی: (حاڵی حازر کارەساتی مرۆیی ڕوویداوە، لەبەر ئەوەی چەندین هەزار کەس کوژراون و، چەندین هەزار کەس بێ ماڵ و حاڵ بوون، ئەمە درامای کارەساتێکی مرۆییە. ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە هەبێت، ئەوا بێگومان ئەو وڵاتانەی پتر نیگەرانن لەبارەی ئەم دراما مرۆییەوە، تورکیا و وڵاتە دراوسێکانی دیکەن، وەك ئەردەن و لوبنان و هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهۆی زۆری ژمارەی ئاوارەکانەوە. هەروەك پێشتر وتم ١٥٠،٠٠٠ هەزار ئاوارەی سوری- لە تورکیادا-هەن و ژمارەکەش لە زیادبووندایە، تا ئێستا حکومەتی تورکیا زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری خەرجکردووە بۆ دابینکردنی خێوەت و – و پێداویستیەکانی دیکەوە- بۆ ئاوارەکان. بە داخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی لەم بارودۆخە دوورەپەرێز گرتووە. بە دڵنیاییەوە داوای هاوکاری و یارمەتی کراوە، ڕاستە هەندێ کار کراوە، بەڵام ئەوانە تەنیا هاوکاریەکی ڕەمزی بوون و شتێکی بەرچاو نەکراوە لەلایەن ڕۆژئاوا یان وڵاتە عەرەبیەکانەوە. سەرۆك وەزیران ئەردۆغان لە زۆر بۆنەدا - ئیتر لە نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، یان کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکانی دیکە بێت- داوای کردووە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە چالاکانەتر دەستێوەردان بکەن، بەلای کەمەوە لەدۆخە مرۆییەکەدا لە ڕێی دابینکردنی هاوکاری دارایی زیاتر و کۆمەکی مرۆیی زیاترەوە، بە داخەوە ئەمە تا ئێستا بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجامنەدراوە، بەڵام قەوارەی کارەساتەکە ئەوەندە گەورەیە کە پێویستی بە هاوکاریەکی نێودەوڵەتی چالاکتر و بەرفراوانتر هەیە)).

# کاتێ مالیکی سیاسەتی عەقڵانییەت و دانایی لەدەست دەدات

کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر سەیری مێژووی کۆن و نوێی عیراق بکەین بۆمان دەردەکەوێت فەرمانڕەوایان کە ستەم و چەوساندنەوەیان دەرحەق میللەتان پەیڕەوکردووەو نکۆڵیان لە ویست و خواستەکانی گەل کردووە چییان بەسەرهاتووە، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە تا ئێستا لە مێژووی کۆن و نوێی عیراق فەرمانڕەوایەك بە ویستی گەل هەڵنەبژێردراوەو پابەند نەبووە بە ئازادیی و بەرژەوەندیی گەلەکەیان، بەڵکو یان بە بۆماوەیی یان بەکودەتای سەربازی و پیلانگێڕی و کوشتنی فەرمانی ئەوانەی پێش خۆیان بە هەموو شێوەیەك جڵەوی دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست.

ئەگەر گەل هەلهەلەی بۆعەبدولکەریم قاسم لێدابێت و دەست نیشانی کردبێت بۆ بەردەوامبوونی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی گەل دژی حوکمی پاشایەتی،بەڵام دانایی و دیدی دیموکراتی و هۆشیاریی بە بەرپرسیارێتی لەدەستداوە تایبەت بە گواستنەوەی حوکم بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و گەڕاندنەوەی سوپا بۆ سەربازگەکانیان و دەرکردنی دەستورێکی دیموکراتی و ژیانێکی پەرلەمانی و شارستانی و بەپیرەوەهاتنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و لە هەمان کاتیشدا شەڕێکی زۆری سیاسیشی بەرپاکرد بێ ئەوەی گوێ بە گەل بدات، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی هاوپەیمانیی کۆنەپەرستی بە هاوکاریی لەگەڵ کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوت بۆ رووخاندنی بە کودەتایەکی سەربازیی خوێناوی لە شوباتی ١٩٦٣دا کە لە ئاکامدا بەدەستی فاشیە بەعسییەکان و ناسیۆنالیستە شۆڤینییەکان گیانی لەدەست دا.



بەڵام نووری مالیکی بە حەزو ئارەزووی ئیران و هەڵبژاردنی لەلایەن شیعەکانەوە و بە رەزامەندیی ئەمریکا و بێ دەنگیی هێزە دیموکراتییەکان و هەڵوێستی گشتیی وڵات گەیشتۆتە سەرۆکایەتیی وەزیران.

مێژووی عیراق پێمان دەڵێت کە فەرمانڕەوایانی عیراق یان بەدەستی رکابەرو پیلانگێڕانەکانیانەوە کوژراون یان بە دەستی گەلی ستەملێکراو، تاکە فەرمانڕەواش کە عیراقی بەجێ هێشت و نەکوژرا عەبدولرەحمان محەمەد عارف بوو،کە یەکێك بوو لە ئەفسەرانی ئازادیخواز و ناسیۆنالیست کە دوای مردنی عەبدولسەلام محەمەد عارفی برای بە رووداوێکی گومانلێکراوی فڕۆکە لە ساڵی ١٩٦٦ و بە سازش و هاوسەنگی لە نێوان هێزە ناسیۆنالیستەکانی ناسری، جڵەوی حوکمی گرتەدەست، عەبدولرەحمان محەمەد عارف دیکتاتۆر نەبوو،بەڵکو کەسایەتییەکی ئاشتیخوازبوو، هاوکات بە کردەنی فەرمانڕەوای عیراق نەبوو، چونکە حوکم کردنی بەدەستی کۆمەڵێك سەربازی ناسیۆنالیستی شۆڤینی بوو کە بۆ سەرۆکایەتی کردنی دەوڵەت هەڵیانبژاردبوو، دواتر کودەتایان لەسەرکردو دەسەڵاتیان قۆرخ کرد، دواتر ئەوانە کوژران لەگەڵ ئەو سەرکردە سەربازییە ناسیۆنالیستانە، بە شێوازی جیاجیا لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

زۆربەی ئەو فەرمانڕەوایانەی بە درێژایی سەدان ساڵی رابردوو حوکمی عیراقیان کردبوو خەڵکی ئەو وڵاتە نەبوون، بۆیە بەزەییان بە خەڵکدا نەدەهاتەوە،بەڵام کاتێك بۆ هەندێ رەخسا حوکمی عیراق بکەن میللەت چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بە دانایی و عەقڵانیەت و بەرپرسیارێتییەوە حوکم بکەن دوای ئەو هەموو ساڵە پڕ لە نەهامەتی و ستەم و چەوساندنەوە،بەڵام ئەوانە دژی گەلەکەیان هەڵگەڕانەوە بە پێچەوانەوە تا پێیان کرا ستەمییان کردو برسێتی و هەژاری و چەرمەسەرییان بۆ هێنان، دیارە میللەت بەرپرسیار نییە لەو دیاردە نەرێنییە لە ژیانی کۆمەڵگە و فەرمانڕەوایەکانیدا بە درێژایی ئەو چەند سەدەیەی رابردوودا تا بەمڕۆ دەگات،بەڵکو پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەرلە سەرمایەداری و دابونەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی و عەشایری کە ناوەندێکی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی هێنایە ئاراوە کە ئەو جۆرە فەرمانڕەواو بەرپرسانەی لێ پەیدابن و بەم شێوەیە رووبکەنە ستەم و سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی گەلەکانیان.

سەرەڕای ئەو پەندو دەرسە بەسوودانەی مێژووی دێرینی

عيراق پێشكەشی ئەو ستەمكارانەی كردووە،بەڵام وا ديارە زۆر سوودیان لێ وەرنەگرتووە،بەڵام هەركاتێك ستەمكار گەلی چەوساندبێتەوە دۆخێكی كوڵان و هەڵچوون يان بە ڕاپەڕينی ميللی كە لە سەردەمی پاشايەتی رووپدا، ياخود بە بەرپاكردنی شۆڕش بۆ رووخاندنی رژێم كۆتايی دەهات،هەروەكو لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ بۆ يەكجاری سەدام حوسێن و رژێمی ديكتاتۆری بەعسی سەرەونگوم كرد.
گەلی عيراق ئەمڕۆ لەبەردەم گرفتێكی لەم شێوەيەو قەيرانێكی بەردەوامدايە كە هەر سێ دەسەڵات و سەرجەم كۆمەڵگە دەگرێتەوە،چونكە گەل بەدەست نەبوونی دامودەزگای دەستووری و راستەقينەو سيستەمێكی تايفی و دوور لە هۆشياريی و هەست كردن بە يەكسانی و ئازادی دەناڵێنێت، لە زياتر لە وتارێكمدا ئاماژەم بە بارودۆخی ناهەمواری گەلی عيراق كردووە كە كەوتۆتە ژێر باری ترس و تيرۆرو كوشتن و گەندەڵی دارايی و دواكەوتن و نەبوونی خزمەتگوزارييە بنەڕەتييەكان، هەروەها بوونی ململانێی تايفی و ناكۆكی لەسەر دەسەڵات و تائێستاش يەك هەنگاو بە ئاراستەی چارەسەركردنی گرفت و كێشەكانی هاووڵاتيان لە هەژاری و بێكاری و بوونی جياوازييەكی زۆر لە نێوان دەوڵەمەندو چينی هەژارو مامناوەند نەهاوێشتراوە لە وڵاتەی كە خاوەن سامانێكی دەوڵەمەندەو بە ئاشكراش هەندێ گيرفان و بانكەكان لە خێروبێری ئەم وڵاتە پڕدەكەن و بە بەرچاوی گەلی ستەملێكراوەوە سامانی ئەم وڵاتە پەخشان و تەخشان دەكەن،هاوكات نابێت رۆڵی وڵاتانی دەوروبەر پشتگوێ بخرێت لە توندكردن و قووڵكردنەوەی قەيرانی حوكم و بارودۆخی گشتيی ناوخۆ كە راستەوخۆ يان بە هەر شێوەيەك بێت دەست لە كاروباری ئەم وڵاتە وەردەدەن، ئەم هۆكارانە بارودۆخەكە بە ئاراستەيەكدا دەبەن كە راپەڕينێكی سەرتاسەری و گشتگير بەرپابێت و گەل بە خۆيدا بێتەوەو عيراق لەم رەوشە نالەبارە رزگاربكات، ئەو دروشمانە بەرزبكاتەوە كە ئامانج و ئەركەكان دەپێكن هەروەكو لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ روويدا كاتێ بژاردەيەكی سياسيی ديموكراتيخواز داوای مافی رەوای گەليان كرد و دژی دابەشبوونی تايفی و گەندەڵی دارايی و بەهەدەربردنی سامانی نەوتی وڵات و بەردەوام نەبوونی كارەبا وەستانەوە.
هەموو بەڵگەكانی واقعی ئێستای عيراق ئەوە دەردەخەن كە چی ديكە ميللەت بەرگەی ئەم هەموو ستەم و نادادپەروەرييە ناگرێت و بە كردەوەش خەريكە وردە وردە گەرم دەبێت دوای ئەوەی بۆی دەركەوت كە ستەم ئەگەر بەردەوام بوو وڵات زياتر كاول دەكات،ئەگەر بێ دەنگييش بەردەوام بوو ئەوا ميللەت هەرگيز قبوڵی نابێت،ئەگەرنا تا كۆتايی دەبێت هەر مل بۆ داخوازی و ستەمی ستەمكاران شۆڕبكات و دووچاری كارەسات و مەينەتی ببێتەوە.
ئەو خۆپيشاندانە جەماوەرييە تازەيەی شارەكانی عيراقی گرتۆتەوە تا دێت فراوانترو گەورەتر دەبێت، ئامانجی خۆپيشاندەران بريتييە لە گۆڕين و دابين كردنی ئازادی و ديموكراتی و جياكردنەوەی ئايين لە دەوڵەت و هەرسێ دەسەڵات بەتايبەتيش سەربەخۆيی و بێلايەنيی دادگا،هاوكات ئازاديی زياتر بدرێت بە هەندێ دامودەزگای جێبەجێ كردنی وەكو بانكەكان و كۆمسيۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان،هەروەها بۆ هەوڵ و كۆششی زياتر لە پێناو بەرەوڕووبوونەوەی كێشەو گرفتەكانی وڵات كە ناكۆكی نێوان حكومەتی ناوەند و حكومەتی هەرێمی كوردستان قووڵتر دەكاتەوە،هەمديس بۆ دياركردنی ديدێكی روون لە هەمبەر مەينەتييەكانی ميللەت لە هەژاريی بەرفراوان و بێكاريی ئاشكراو داپۆشراو،هاوكات بۆ ديدێكی عەقڵانييەت و پيادەكردنێكی دروستی ستراتيجييەتی پەرەپێدان وپلانە ئابووری و كۆمەڵايەتييەكان چ كورت خايەن يان درێژخايەن و دوور بۆ چارەسەركردنی گيروگرفتەكانی دواكەوتوويی و نەبوونی پيشەسازی و تازەكردنەوەی شێوازەكانی كشتوكاڵ و ئاودێری و پەرەپێدانی دەزگاكانی گەياندن و هاتوچۆو وزەی كارەباوكەمكردنەوەی هاوردەكردن و رێكخستنی سەرجەم بازرگانيی ناوخۆو دەرەوە،بەڵام لە بەرامبەردا دەبينين كە دەسەڵاتدارانی عيراق و هەندێ لە زووڕناژەنەكانيان دەيانەوێت ناووناوبانگی خۆپيشاندەران لەكەداربكەن،جارێك بە بەعسی و جارێك بە تێكدەرو ئاژاوەگێڕ تۆمەتباريان دەكەن،بەڵام ئەو خۆی چاك دەزانێت كە ئەوەی بەعس دەحەوێنێتەوەو سياسەتی ناعەقلانی و نادانايی پيادە دەكات خودی دەسەڵاتە،كە هەميشە هەوڵ دەدات تۆوی دووبەرەكی و ململانێی سياسی لە نێو ڕيزەكانی گەلدا بچێنێت و هەمووﻻيەنەكان لەو ناكۆكی و كێشمەكێشەوە بگلێنێت،لە باتی ئەوەی بە پير داخوازييەكانی گەلەكەيەوە بێت، بەهەموو شێوازێك خەريكە ستەم و نادادپەروەری و سياسەتی پەراوێزخستنی پێكهاتەكانی عيراق پيادە دەكات، بەڵام ئەوی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بكرێت ئەوەيە كە ئێستا قۆناغی گۆڕانكارييە ديموكراتييەكانە و لەسەر هەموو هێزە پێشكەوتنخوازو ديموكراتيخوازەكان پێويستە ئاڵای خەباتی ئاشتی و ئازادی و بنەماكانی بەيەكەوە ژيان و ئاشتی و برايەتی و تەبايی بەرزبكەنەوە بۆ گۆڕينی ئەو واقيعە تاڵەو دروستكردنی هاوپەيمانێتيی نيشتمانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی داهاتوو كە دەرئەنجام كاريگەريی ريشەيی لە سيستەمی دەسەڵات و حوكم بێنێتە ئاراوەو سەرەتايەكی تازە بۆ ژيانی ميللەت لە ئازادی و يەكسانی و دادپەروەری بنياد بنێت.

**بارودۆخەكە بە ئاراستەيەكدا دەڕوات كە راپەڕينێكی سەرتاسەری و گشتگير بەرپابێت و گەل بە خۆيدا بێتەوەو عيراق لەم رەوشە نالەبارە رزگاربكات**

**فەرمانڕەوايانی عيراق يان بەدەستی ركابەرو پيلانگێڕانەكانيانەوە كوژراون يان بە دەستی گەلی ستەملێكراو**



# ئیدارەی دووەمی ئۆباما

## ساڵێکی سەخت

## بۆ تاقیکردنەوەی هێزی نەرم

((هێز لە رەوشــی گۆڕاوی ئەتمۆســفیر دەچێت، هەموو کەس پشتی پێدەبەســتێت و باســی دەکات، بەڵام کەمن، ئەوانەی لێی تێدەگەن، جووتیارێک یان کەشناســێک هەست بە گۆڕانی کەش و هەوا دەکەن، سەرکردە سیاسییەکان و شــرۆڤەوانان هەوڵدەدەن لە پێوەندیەکانی هێــز تێبگەن و مەزندەی بەکارهێنانی ســەرچاوە جیاوازەکان بکەن، هەروەها هێز لە خۆشەویستیش دەچێت، تاقیکردنەوەی ئاسانترە لە دیاریکردنی)).

جۆزیف نای



بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لە دیمانەیەکی تایبەتی ئەم ژمارەیەی گوڵاندا ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵی ٢٠١٣ ساڵێکی سەخت دەبێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بەتایبەتی، هەروەها ساڵێکی سەختیش دەبێت بۆ سیاسەتی ئەمریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو کێشانەی لە ناوچەکە و لە عێراق روودەدەن، زیبینۆ برژنسکیش کە لەسەردەمی ئیدارەی کارتەردا، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بووە، لەدواین وتاریدا کە رۆژی ١٨ی ئەم مانگە لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی بە ناونیشانی (ساتەوەختی ئۆباما – Obama's moment) بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بەو تەحدیانە دەکات کە رووبەڕووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێتەوە لە ئیدارەی دووەمی ئۆبامادا، برژنسکی لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئۆباما دیکتاتۆر نییە هەتا رەسمی سیاسەتی دەرەوە بە تەنیا بکات، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکات بەپێی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ئەمریکا، سەرۆکی ئەمریکا بوارێکی فراوانی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی لە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، ئەمەش مانای ئەوەیە راستە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم بنەما سەرەکیانە سەرۆکی ئەمریکا دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە بۆ ئەوەی سەرچاوەی هێز (ئەوجا هێزی نەرم بێت یان رەق – SOFT&HARD POWER) دیاری بکات، ئەمەش بەو مانایەی وەك جۆزیف ئێس نای یاریدەدەری پێشووی وەزیری بەرگری ئەمریکا لە کتێبی (هێزی نەرم میکانیزمێکی سەرکەوتوو بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی) ئاماژەی پێکردووە و ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت لەبەر ئەوەی من خۆم یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمریکا بووم، ئەوا من دوایین کەس دەبم کە نکۆڵی لە بایەخی هێزی سەربازی ئەمریکا بکەم، بەڵام ئەمریکا بێجگە لەوەی هێزێکی سەربازی و ئابووری گەورەی هەیە لە هەمانکاتدا هێزی سێهەمیشی هەیە کە دەکرێت پێی بگوترێت هێزی نەرم، جۆزیف نای لەمیانەی مانا گۆڕاوەکانی هێز لەنێوان (هێزی نەرم و هێزی رەق) ئاماژەی بەوەڵامێکی کۆڵن پاولی وەزیری دەرەوەی ئیدارەی یەکەمی جۆرج دەبلیو بوش دەکات، کاتێك لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هێزی نەرم ئاراستەی کرابوو، لەوەڵامدا پاول وتبووی: (ئەمریکا پێویستی بەوە بوو پەنا بۆ هێزی رەق بەرێت بۆ ئەوەی شەڕی دووەمی جیهان بەرێتەوە، بەڵام ئایا دوای بردنەوەی شەڕی دووەمی جیهان هەوڵیدا بەهەمان هێز ئەوروپا داگیر بکات؟ بێگومان نەخێر هێزی نەرمی لەچوارچێوەی پلانی مارشاڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا پیادەکرد، هەمان شتیشی لە ژاپۆن پیادە کرد)، ئەم وەڵامەی پاول بۆ تێگەیشتن لەمانا جیاوازەکان و سەرچاوە جیاوازەکانی هێز، جۆزیف نای بە پێناسەیەکی ماقووڵ و سەرکەوتووی لەقەڵەمدەدات، بۆیە لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئاماژە

بە گووتەیەکی میکافیلی دەکات، بەوەی پێش ٤٠٠ ساڵ بەوجۆرە رێنمایی ئەمیرەکانی کردووە بەوەی گرنگە ئەمیر ترسی هەبێت زیاتر لەوەی خۆشەویست بێت، بەڵام بۆ ئێستا پێویستە هەردووکیان هەبێت، واتە هەم ترسی هەبێت و هەمیش خۆشەویست بێت.

کەواتە کاتێك جۆزیف نای کتێبی (هێزی نەرم)ی بڵاوکردەوە وەك رەخنەیەك لە ئیدارەی یەکەمی جۆرج دەبلیو بوش و وەزیری بەرگریەکەی دۆناڵد رامسفیلد کە هیچ بڕوای بە هێزی نەرم نەبووە، ئەوا ئەمە مانای ئەوەنییە جۆزیف نای هەموو سەرچاوەکانی هێزی ئەمریکای لە یەك سەرچاوە کە ئەویش سەرچاوەکانی هێزی نەرمە دەبینێتەوە، بەڵکو لەباری



**سەرۆک ئۆباما لە ئیدارەی یەکەمداو لەیەکەم بۆنە دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی ئەمریکا لە خولی یەکەمدا و، لە بۆنەی ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی ئەبراهام لنکۆڵن داوای ئەوەی کرد، ئەمریکا ئەمڕۆ بەهەمان سەردەمی لنکۆڵن پێویستی بە بڕیاری بوێرانە هەیە، بڕیارێک کە سەرەنجام داکۆکی لە ئازادی بکات**

واقیعدا جۆزیف نای مەبەستی ئەوەیە سەرچاوەکانی هێزی ئەمریکا تەنیا لەیەك یان دوو سەرچاوە بچووك نەكرێتەوە، بەڵكو پێویستە هەموو سەرچاوەکانی هێز پێکەوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەن بۆ ئەوەی ئەمریکا وەك بەهێزترین دەوڵەت بمێنێتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەمریکا ئێستا لاسایی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی نەکاتەوە کە هێزەکەی تەنیا سوپا و سەربازەکانی بێت، بەڵکو ئەمریکا لەهەموو روویەکی هونەری و مرۆییەوە بەهێز بێت و جیهان وەك نەتەوەیەکی نموونە سەیری بکات، ئەم نەتەوە نموونەیەش پێویستی بە کارلێکی هەموو سەرچاوەکانی ئەو هێزانە هەیە کە ئەمریکا هەیەتی، بۆیە جۆزیف نای داوا دەکات لەمانای هێز تێبگەین و چۆن هێزە جیاوازەکان بۆ ئامانجە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەو پێیوایە: (هێز لە باری ئەتمۆسفیر دەچێت، هەموو کەسێك پشت بەکەش وهەوا دەبەستێت و باسی لێوە دەکات، بەڵام کەمن و ئەوانەی لێی تێدەگەن، هەروەك چۆن جووتیارێك کەسەیری کەش و هەوا دەکات دەزانێت باران دەبارێت یان نە، سەرکردە سیاسییەکان و شرۆڤەوانان هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانی هێز پێناسە بکەن و مەزندەی پەنابردن بۆ سەرچاوە جیاوازەکانی هێز بکەن، هەروەها هێز وەك خۆشەویستی وایە، تاقیکردنەوەی لە دیاریکردنی ئاسانترە، بەڵام هەموو ئەوانە هیچ لەو راستیە ناگۆڕن کە هێز شتێکی هەقیقیە).

**ماوەی نزیکەی دووساڵە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهێزی نەرم مامەڵە لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد دەکات، ئایا توانیان بەشار ئەسەد رازی بکەن دەست لە کوشتاری گەلەکەی هەڵبگرێت، یان ئەگەر بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ کەیسی لیبیادا بکرایە، ئایا قەزافی لەدەسەڵات لادەبرا؟**



لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وتارەکەی برژنسکی کە راشکاوانە ئیدارەی ئۆباما لەو تەحدیانە ئاگادار دەکاتەوە کە لەمساڵدا رووبەڕووی ئیدارەی ئۆباما دەبێتەوە و ئەو تەحدیانەش کۆمەڵێك زەمینەیان لە سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا ونکردووە و پێویستە ئەو زەمینانە دروست بکرێتەوە بۆئەوەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ شکۆی، ئەوا بەراشکاوی ئاماژە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەکات کە سیستمی حکومڕانی ئەمریکا بۆی فەراهەمکردووە، برژنسکی راشکاوانە دەست دەخاتە سەر برینەکان و دەڵێت راستە کۆنگریس و خەڵك گرنگن بۆ بڕیاردانی شەڕ، راستە گرنگە بڕیارەکانی سەرۆك پشتگیری خەڵك و کۆنگرێسی هەبێت، بەڵام هیچ دەسەڵاتێك هاوتای دەسەڵاتی سەرۆك نییە، سەرۆك ئۆباماش لە ئیدارەی یەکەمداو لەیەکەم بۆنە دوای دەستبەکاربوونی وەك سەرۆکی ئەمریکا لە خولی یەکەمدا و، بە بۆنەی ٢٠٠ساڵەی لەدایکبوونی ئەبراهام لنکۆڵن داوای ئەوەی کرد، ئەمریکا ئەمڕۆ بەهەمان سەردەمی لنکۆڵن پێویستی بە بڕیاری بوێرانە هەیە، بڕیارێك کە سەرەنجام داکۆکی لە ئازادی بکات، بێگومان ئۆباما لەوتارەکەیدا راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد کە لەسەرەتادا لنکۆڵن بۆ پاراستنی ئازادی و مانادانەوە بەو ئازادییەی لەدەستووری ئەمریکادا هاتووە، پەنای بۆ هێزی رەق برد، واتە بەبێ پشتگیری کۆنگرێس بڕیاری شەڕیدا بۆ ئەوەی کۆیلەتی نەمێنی، لەهەمانکاتدا بینایەی کۆنگرێسی (بینایەی ئێستای کۆنگرێسی ئەمریکا) دروستکرد بۆئەوەی دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەناو کۆنگرێس لەسەر بەکارهێنانی هێزی رەق و راگەیاندنی شەڕ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا لنکۆڵن هێزی رەقی بەکارهێنا بۆئەوەی خۆی بکاتە دیکتاتۆر؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو هێزی رەقی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەو مەترسیانەی



**بە لەبەر چاوگرتنی تەحدیاکان و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، ئەوا ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات بەدیدێکی ڕەشبین سەیری بارودۆخی عێراق بکەین و بە ساڵێکی سەخت ناوی بەرین**

کەوتبوونە سەر ئازادیی بیانڕەوێنێتەوە و بە هێزی نەرم ئازادی بپارێزێت، هەروەك چۆن دوای ئەوەی شەڕ تەواو بوو، تفەنگ و ئەسپەکانی لە سەربازە بە دیلگیراوەکان نەسەند و پێی گووتن: (لەمەودوا تفەنگەکانتان بۆ ڕاوکردن بەکاربهێنن و ئەسپەکانتان زەوی پێ بکێڵن)، ئەگەر ئەمە گرێبدەینەوە بە پێناسەکەی کۆڵن پاول بۆ مانای هێز، ئەوا هەمان دووبارەکردنەوەی قسەکەی لنکۆڵنە بۆ پاراستنی ئازادی، بەڵام لنکۆڵن بۆ پاراستنی ئازادی لە ئەمریکا پەنای بۆ بردووە و ڕۆزفەڵەت بۆ پاراستنی ئازادی لە جیهاندا، بۆیە هەموو ئەمانە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبەن، کە دیاری کردنی پێشوەختەی هێز، ئەوجا هێزی نەرم بێت یان ڕەق، بۆیە برژنسکی ڕوودەکاتە ئۆباما و پێی دەڵێت:

١. سەرۆکی ئەمریکا بەرپرسی یەکەمە لەوەی چۆن ئەمریکا لەم جیهانە پڕکێشەیەدا بەسەلامەتی هەنگاو هەڵدەگرێت.

٢. سەرۆك سەیری کۆتایی بڕیارەکان دەکات بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، ئەوجا ئەو بڕیارانە پێویستی بە دیپلۆماتیەت بێت، یان نفوزی ئابووری یان تەنانەت پلاندانان بێت بۆ پەنابردن بۆ هێزی سەربازی.

ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا بە پێچەوانەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش بۆتە ڕەخنە لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما ئەوەیە، ئیدارەی بوش ئەولەویەتی دابوو بە هێزی ڕەق واتە پەنابردن بۆ هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان هەروەك چۆن سەرۆك بوش دوو بڕیاری گرنگ و مێژوویی لەماوەی ئیدارەی یەکەمدا دەرکرد، کە ئەوانیش(ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان بوو لە ئەفغانستان و ڕووخانی ڕژێمی بەعس بوو لە عێراق)، ئەوانەی ڕەخنە لە ئیدارەی بوش دەگرن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەهەردوو شەڕی ئەفغانستان و عێراقدا، ئیدارەی بوش توانی لەماوەیەکی زۆر کورتدا گەورەترین و سەرسوڕهێنەرترین سەرکەوتنی سەربازی بەدەست هێنا، بەڵام نەیتوانی دوای ئەو سەرکەوتنە

**ئایا بە پیادەکردنی هێزی نەرم و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێستا عێراق هەنگاو بۆ پێکەوە ژیان و دیموکراتی هەڵدەگرێت، یان خەریکە دیکتاتۆرێکی دیکە بەرهەم دەهێنێتەوە؟**

سەربازییە گەورانە سەقامگیری لەو دوو وڵاتە دابین بکات، ئەگەر ئەمە لایەنێکی ئەو ڕەخنانە بێت کە لە ئیدارەی بوش دەگیرێت، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بە پیادەکردنی هێزی نەرم و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێستا عێراق هەنگاو بۆ پێکەوە ژیان و دیموکراتی هەڵدەگرێت، یان خەریکە دیکتاتۆرێکی دیکە بەرهەم دەهێنێتەوە؟ بەدووبارە کردنەوەی هەمان شێواز لە ئەفغانستانیش، ئایا بارودۆخی ئەفغانستان سەقامگیر و دیموکراتی دەبێت؟ ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە لەپێش تاقیکردنەوەی سەرچاوە جیاوازەکانی هێز، دیاری دەکرێت یان کاریگەریەکەی دەپێورێت، ئەمەش وەك پسپۆران جەختی لەسەر دەکەنەوە، کۆمەڵێك تەحدی گەورە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەساڵی ٢٠١٣ بە تایبەتی و ئیدارەی دووەم بەشێوەیەکی گشتی دروست دەکات، ئەگەر سەرۆك ئۆباما بەجۆرێکی دیکە ڕەفتار نەکات، ڕەوشێکی ئاڵۆز دروست دەبێت.

### دیاریکردنی جۆری هێز
### بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەقڵە نادیموکراتەکان

یەکێك لەو سیمایانەی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی شانازی پێوە دەکەن، ئەوەیە کە بەدرێژایی نزیکەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو لەنێوان دوو دەوڵەتی لیبرال دیموکراتی شەڕ دروست نەبووە، ئەگەر ئەم دیاردەیە وەك بنەمایەك بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی جۆری هێز بکەینە بنەما، ئەوا ئەم دیاردەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە دیاریکردنی جۆری هێز پەیوەستە بەو ئەقڵەی کە خاوەنی هێز مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەر بۆ نموونە لەدوای شەڕی جیهانی دووەم، ئەڵمانیا دابەشبوو بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا، ئایا هێزی نەرمی بەها دیموکراتیەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا توانی دیواری بەرلین بڕووخێنت هەتا گۆرباچۆف بیرۆستریکای ڕانەگەیاند، نموونەی لەمە زیندووتر دابەشبوونی کۆریایە لە ساڵی ١٩٥٣ـەوە کە هەتا ئێستا بەردەوامە، پرسیار ئەوەیە ئایا هێزی نەرمی کۆریای باشوور توانیوویەتی پەرژینە سیمەکەی سەر هێڵی ٣٨ کە بۆتە سنووری نێوان هەردوو کۆریا لابەرێت و کۆریاش وەك ئەڵمانیا یەکبگرێتەوە، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بە تایبەتی لەسەر پرسی سوریا، ئەوە ماوەی نزیکەی دووساڵە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهێزی نەرم مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکات، ئایا توانیان بەشار ئەسەد ڕازی بکەن دەست لە کوشتاری گەلەکەی هەڵبگرێت، یان ئەگەر بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ کەیسی لیبیادا بکرایە، ئایا قەزافی لەدەسەڵات لادەبرا؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن کە واقیعی پرسە جیاوازەکان خۆیان وەڵامی دەدەنەوە، ئەم ڕاستیانەمان بۆ ئاشکرا دەکەن:

١. پرۆفیسۆر تۆم جی پالمەر لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوەکان، ئاماژە بەکۆریای باشوور و کۆریای باکوور دەکات و دەڵێت، ئەگەر بمانەوێت کاریگەری ڕۆڵی دامەزراوەکان هەڵبسەنگێنین ئەوا هێندە بەسە بەشەو بەفڕۆکە بەسەر کۆریادا تێپەڕیت، ئەوکات دەبینن کە کۆریای باشوور چراخانە و کۆریای باکوور تاریکستانە، ڕاشکاوانەتر کۆریای باشوور لەژێر سایەی سیستمێکی دامەزراوەیی مۆدێرندا بۆتە وڵاتێکی پێشکەوتوو، بەڵام کۆریای باکوور لەژێر سایەی ڕژێمێکی کۆمۆنیستی گەڕاوەتەوە بۆ دواوە و تەنانەت توانای دابینکردنی کارەباشی نییە، بێگومان ئەوەی تۆم جی پالمەر باسی دەکات واقیعێکە هەموو کەس دەتوانێت بیبینێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە لەماوەی زیاتر لە ٥٨ ساڵ کە دەکاتە تەمەنی چەند نەوەیەك هێزی نەرم نەیتوانیووە کاریگەری لەسەر بەشێکی وڵاتێك هەبێت، ئایا دەبێت چەندی دیکە چاوەڕێی بکرێت هەتا ڕژێمی بیویانگ بە هۆش خۆی دێتەوە؟ پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا هاووڵاتیانی کۆریای باکوور هەست بەوە ناکەن کە هاونیشتمانییەکانیان لە کۆریای باشوور لە ژیانێکی زۆر باشدا دەژین؟ بێگومان هەست دەکەن و ئەوانیش دەیانەوێت یان هەڵبێن و بچنە کۆریای باشوور یان کۆریای باکووریش بەهەمان شێوە حکومڕانی بکات، بەڵام کۆریای باکوور بە هاوکاری چین ئێستا هێندەی دیکە سنوورەکانی قایمکردووە و سزای دەستگیرکردنی هەڵاتوانی گەیاندۆتە سزای مەرگ، ئایا لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە دڕندانەی کیم جۆن وان هێزی نەرم چ کاریگەریەکی دەبێت؟ بەپێچەوانەوە کۆریای باکوور سەردانی سەرۆکی دامەزراوەی گوگڵ دەکاتە پڕوپاگەندە بەوەی کۆریای باکوور لەبواری فەزا زۆر پێشکەوتووە.

٢. لەکۆتایی ئیدارەی یەکەمی ئۆباما، واتە لەچەند مانگی ڕابردوو، هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا، بەجیهانی ڕاگەیاند مەترسی ئەوە هەیە کە ڕژێمی بەشار ئەسەد چەکی کیمیایی دژی گەلەکەی بەکاربهێنێت و بەکارهێنانی چەکی کیمیاییش هێڵی سورە و ئەمریکا بێدەنگ نابێت، بەڵام با بزانین بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمریکا بەرامبەر چی بێدەنگ بووە؟ بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٢ زیاتر لە ٦٠ هەزار هاووڵاتی سوریا کوژراون، زیاتر لەسەد هەزاریش بریندار بوون و زیاتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتی لەناوخۆی وڵات و پەنابردنیان بۆ دەوڵەتانی دراوسێ ئاوارە بوون، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم ژمارانە لە قوربانیانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی زیاتر نین؟ ئایا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی قوربانیان و برینداران و ئاوارە بوون زیاتر نابێت؟ بۆیە گرنگە دان بەو ڕاستیەدا بنرێت کە هێزی نەرم لەگەڵ ئەقڵیەتێکی وەك بەشار ئەسەد هیچ سوودێکی نابێت.

٣. لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ ئەمریکا بە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراق، هێزەکانی خۆی لە عێراق کێشاوەتەوە، لەماوەی ئەم ساڵەدا عێراق نەك هەر بە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا گوزەری کردووە، بەڵکو پرۆسەی سیاسی کەوتۆتە لێواری هەڵدێر و سەرۆك وەزیرانی عێراق هەنگاوی بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت هەڵگرتووە، ئیدارەی ئەمریکیش لەهەوڵی ئەوەدایە بەهێزی نەرم پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا

ڕێکبخاتەوە یان چاوەڕێی ئەوە دەکات هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو بارودۆخەکە وەک خۆی بهێڵێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بارودۆخی ئێستای عێراق بواری ئەوەی بۆ ماوەتەوە چاوەڕێی هەڵبژاردنی داهاتوو بکرێت؟ یان ئایا ئەو ئامادەباشیە لە سەرۆک وەزیرانی عێراق چاوەڕێ دەکرێت کە بە دیالۆگ و ئاشتیانە و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکانی چارەسەر بکات؟

٤. سەبارەت بە ئەفغانستان کە ئێستا پەرلەمانی ئەفغانستان(لۆیە جەرگا) سەرقاڵی تاوتوێکردنی چۆنییەتی ڕێککەوتنی (SOFA) یە بۆ کشانەوە یان مانەوەی بەشێکی هێزەکانی ئەمریکا، باری ئاسایش و سەقامگیری ئەفغانستان زۆر لە عێراق خراپترە، لەدوایین سەردانی حامید کارزای بۆ ئەمریکا، راشکاوانە کارزای بە ئیدارەی ئۆبامای ڕاگەیاندووە نەک هێزەکانی ئاسایشی ئەو وڵاتە توانای ڕاگرتنی سەقامگیریان نییە، تەنانەت توانای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاشیان نییە، ڕۆژانەش هەواڵەکان بڵاوی دەکەنەوە هێزەکانی تاڵیبان و ئەوانی دیکەش لە خۆڕێکخستنەوە و هێرشەکانیان بۆ سەر شارە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە بەردەوامن، ئەمە بێجگە لەوەی لە سنووری پاکستان و ئەفغانستانیشەوە جوڵەی تیرۆریستان بەردەوامە. هەربۆیە ئەگەر وڵاتێك بەم شێوەیە بێت و ئێستا هێزەکانی ناتۆ لەسەر زەوی بوونیان هەیە بەمجۆرە بێت، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکان چی بەسەردێت؟

**تەحەدییە دیارەکان**

**لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**


دەسپێکی ئیدارەی دووەمی ئۆباما هاوکاتە لەگەڵ دووەمین ساڵی دوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، کە بێگومان ماوەی ئەو دووساڵە کۆمەڵێك گۆڕانکاری هاتوونەتە ئاراوە کە لەدەسپێکدا هیچ ئاماژەیەك بۆ دیموکراتی بەدی ناکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی لەمیسر هەڵبژاردن کراوە و ئیسلامیەکان باڵا دەست بوون و سەرلەنوێ میسر بەرەو بارودۆخێکی ئاڵۆز هەنگاو هەڵدەگرێت و مەترسی ئەوەش هەیە کە محەمەد مورسی ببێتەوە بە دیکتاتۆرێکی هاوشێوەی حوسنی موبارەك، لەسەر ئاستی پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلیش بارودۆخەکە بەرەو خراپتر چووە بەرەو باشتر نەچووە، لەسەر ئاستی کێشەی ئەتۆمی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، راستە گەمارۆکان چڕتر کراونەتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی دیکە بارودۆخەکە وەك خۆی ماوەتەوە، سەبارەت بە سوریاش کە زۆر لە چاودێران بەکلیلی گۆڕانکاری ناوچەکە لەقەڵەمی دەدەن، پێشبینییەکان بەوجۆرەن لەم ساڵدا کۆتایی بێت، عێراقیش کە بەشێکی گەورە لە سیاسەتی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیر دەکات، ئەویش لەسەر لێواری تەقینەوە و هەڵدێرە، بۆیە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم تەحدیانە و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، ئەوا ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات بەدیدێکی ڕەشبین سەیری بارودۆخەکە بکەین و بە ساڵێکی سەخت ناوی بەرین.

## مایکل بیلی بۆ گوڵان:

# گۆڕینی وەزیری بەرگری یان دەرەوە نابێتە هۆکاری گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئەمریکادا

**پرۆفیسۆر مایکل بیلی ئوستادی حکومەت و سیاسەتی گشتییە لەزانکۆی جۆرج تاون و تایبەتمەندە لەسەر کۆنگرێس و دادگای فیدرالی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئیدارەی دووەمی باراك ئۆباما، لە لێدوانێکی تایبەتدا، پرۆفیسۆر مایکل بیلی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((پێموانییە بە گۆڕانکاری لە وەزارەتی بەرگری یان دەرەوە یان سەرۆکایەتی دەزگای هەواڵگری مەرکەزیدا «C.I.A» ببێتە مایەی گۆڕانی سیاسەت، لەو باوەڕەدام بەردەوامبوونی تێڕوانینی مەرکەزی چەپ دەبینین کە هاوشان بێت بە پشتیوانی هەندێ لە کۆماریە مۆدێرنەکان. بۆیە پێموایە-سیاسەتی ئەم ئیدارەیە- زیاتر وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە هەڵوێستی گشتی ئۆباما لە ئاست سوریا و عێراق و تەنانەت ئەفغانستاندا پیشانیداوە ئەوەیە پتر خۆی بەدووربگرێت لە دەستێوەردانی تەواو لەو پرسانە. بە بۆچوونی من ئەمە بەردەوام دەبێت، ئیتر ئەمە شتێکی باش بێت یان نا، بەڵام من باوەڕم وایە ئیدارەی ئۆباما هەوڵدەدات تەرکیزێکی کەمتر لەسەر ئەو ناکۆکی و بارودۆخانە بکات. سەبارەت بە سوریاش پێموایە ئیدارەی ئۆباما ڕۆڵی پێشەنگ نابینێت، وەك ئەوەی لە لیبیادا بەدیمان کرد و باوەڕم وانییە بیەوێت ڕۆڵێکی مەرکەزی ببینێت، ئەگەرچی بارودۆخەکە تەواو خراپە و ئاشکرایە مانەوەی ئەسەد لە بەرژەوەندی خەڵکی سوریا و بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکاشدا نییە. ئەو دەرسەی لە ئەزموونی عێراق و ئەفغانستانەوە فێری بووین ئەوەیە ئەمریکا دەسەڵاتێکی سنوورداری هەیە. ئەگەر هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی پێکهات و ئەگەر دەرفەتی دەستێوەردانی سەربازی یان هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دیکە دروست بێت کە گونجاو بێت، ئەوا ئەمەریکا ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینێت، بەڵام ئەمریکا خۆی ئەم دۆخە دروست ناکات، ئەمە تێڕوانینی منە.. لە سەر ئاستی ناوخۆییش پێموایە شەڕێکی زۆر لەسەر بودجە دەکرێت، بەڵام پێموانییە بەهۆی سیاسەتەکەوە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا ڕوودات)).



**هەڵوێستی گشتی ئۆباما لە ئاست سوریا و عێراق و تەنانەت ئەفغانستاندا پیشانیداوە ئەوەیە پتر خۆی بەدووربگرێت لە دەستێوەردانی تەواو لەو پرسانە**



## ماسیۆ هیل بۆ گوڵان:

# ئەمریکا بەپێی بەرژەوەندییەکانی پشتگیری لە دیموکراتی

**پرۆفیسۆر ماسیۆ ئالان هیل تۆژەرە لەسەنتەری دیراساتی ئەمریکی لەبەریتانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی ئەمریکا، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما و ئەگەری گۆڕانگارییەکان، لە لێدوانێکی تایبەتدا پرۆفیسۆر ماسیۆ هیل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((پێویستە پێداچوونەوەیەك بە کارەکانی ئیدارەی ئۆباما لە خولی یەکەم بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو کارانەی کە لە خولی دووەمیدا دەیەوێ ئەنجامی بدات، ئیدارەی ئۆباما زیاتر پشتگیری دیموکراسیەت دەکات ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا تەریب بێت، بۆنموونە ئەمریکا لە میسرٍ زۆر دوودڵ بوو لە دەستێوەردان لە بزاوە دیموکراسییەکە لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی ئەمریکا لە پشتگیریکردنی موبارەك بوو، بەڵام ئەو هەڵوێستە تارادەیەك گۆڕا و هەستیکرد پێویستە پشتگیری بکات لە لادانی موبارەك، هاوکات لە کەیسی دیکەدا بۆنموونە بەحرێن کە بزاوی دیموکراسیی تێدا هەیە و هەوڵدان هەیە بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکاری، بەڵام ئیدارەی ئۆباما ئەو کەیسە بۆ رای گشتی تا ئاستێکی زۆر ناخاتەڕوو و پاڵپشتیی خۆی بەتەواوەتی بۆ ئەو بزاوە دیموکراسیخوازە دەرنابڕێت، هەربۆیەیش لەو جۆرە حاڵەتانەدا دەبینین پشتگیری لەو بزاوانە ناکرێت و ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە حکومەتەکەی عەرەبستانی سعودیە هێزی نارد بۆ پاڵپشتی لە سەرکردەی بەحرێن، هەر بۆیە دەبینین تەمومژییەك هەیە لەڕووی چۆنییەتی پێناسە و دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا و هەروەها لەڕووی چۆنییەتی داڕشتنی سیاسەتەکانی، بەڕای من خولی دووەمی ئیدارەی ئۆباما گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە دەبینێ جیاواز لەوەی کە لە خولی یەکەمیدا هەبوو و پێموایە ئیدارەی ئۆباما لە خولی دووەمیدا بەردەوام دەبێت لە دەستێوەردانی لە کاروبارەکانی جیهان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەر بۆیە پێموایە وەزیری نوێی بەرگری بەنیازە دیپلۆماسییەت بگرێتەبەر، بەڵام بەگشتی تەنانەت گەر لەڕووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر-یش بێت یاخود لەڕووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەوە بەڕای من دیپلۆماسییەت هەمیشە لایەنێکی سەرەکی بووە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا و هاوکات دیپلۆماسییەت لایەنێکی سەرەکییە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی هەر حکومەتێکی جیهان، سەبارەت بە ئەگەرەکانی گرتنەبەری لایەنی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر راستە لایەنی سەربازی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئیدارەی ئۆباما لە خولی یەکەمیدا بکەین و هاوکات سەیری ئیدارەی بوش لەماوەی ٢ خولدا بکەین دەبینین جیاوازییەکی بەرفراوان و ئاشکرا لەنێوان هەردوو ئیدارە هەیە لەڕووی چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، با سەیرێکی کەیسەکەی لیبیا بکەین لەڕووی ئەنجامدانی دەستێوەردانی سەربازی بۆ پاڵپشتی لە شەڕەکە لەدژی قەزافی، قەزافی ئەو تیرۆریستە گەورەیە نەبوو لەبەردەم رۆژئاوا، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە پشتگیریی لە رێکخراو و



**دیپلۆماسییەت هەمیشە لایەنێکی سەرەکی بووە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا و هاوکات دیپلۆماسییەت لایەنێکی سەرەکییە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی هەر حکومەتێکی جیهان**



## دەکات

گرووپە تیرۆریستییەکان دەکرد، هەربۆیە شکستی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان بۆتە هۆی ئەوەی پشتگیری نەکرێت لە ئەنجامدانی هیچ پرۆسەیەکی سەربازی، هەربۆیە مەسەلەکە تاڕادەیەك لەدەستی ئیدارەی ئەمریکی و ئاژانس و لایەنەکاندا نییە بۆ گرتنەبەری دیپلۆماسییەت و هێزی نەرم لەبری گرتنەبەری لایەنی سەربازی، بەڵکو دەرئەنجامەکانی سیاسەتی دەرەوە و واقیعی ژینگەی نێودەوڵەتی ئەو شتەیان لەسەر دەسەپێنێت و ڕێگەیان پێنادات لایەنی سەربازی بگرنەبەر. هەربۆیە ئێستا رای گشتی لە ئەمریکا و هەروەها رای گشتی لە بەریتانیا بە هیچ شێوەیەك بایەخ بە بارودۆخەکانی عێراق نادەن و چیتر باسی عێراق و رووداوەکانی ناکەن، ئەمڕۆ ئەوان جەخت ناکەنە سەر بارودۆخەکانی عێراق و لەسەر بنەمایەکی رۆژانە نایخەنەڕوو، ٥ — ٦ ساڵ بەر لەئێستا رۆژانە باسی عێراق دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ بەهەمان شێوە نییە، ئەمڕۆ لە ئەمریکا و بەریتانیا زۆر بە کەمی باسی عێراق و سیاسەتەکانی عێراق دەکرێت، حکومەتەکان ناتوانن بەرهەڵستکاریی رای گشتی لە ناوخۆ بکەن، بەڵکو دەکەونە ژێر فشاری خواستی هاووڵاتیان، ئەمەیش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەستێوەردان لەسەر ئاستی پەیوەندیی دەرەکی لەوانەیە بارودۆخەکانی ناوخۆ ئاڵۆز بکاتەوە، بۆنموونە لەڕووی دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکە وەکو عێراق یاخود لە سیاسەتەکانی، بەواتای ئەمریکا تەنیا دەتوانێت لەڕووی دیپلۆماسییەوە رۆڵ بگێڕێت)).

# جاکوس دیلیسلی بۆ گوڵان:
# دیپلۆماتییەت بەتەنیا ناتوانێت لە شەڕی دژە تیرۆردا سەرکەوتوو بێت

**پرۆفیسۆر جاکوس دیلیسلی ئوستادی یاسایە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ئاسیایە لە هەمان زانکۆ و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا و ئاسیا، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە ئیدارەی دووەمی باراك ئۆباما، پرۆفیسۆر جاکوس دیلیسلی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((پێموانییە گۆڕانی وەزیری دەرەوە یان وەزیری بەرگری کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت، جۆن کیری و چاك هاگڵ کەسایەتیگەلێکی سەر بە ڕەوتە باوەکەن، بە چەشنی هیلاری کلینتۆن. گۆڕانکاری گەورە تەنیا لەلایەن سەرۆکەوە دەکرێت و پێموانییە نیشانە و ئاماژەکانی گۆڕانێکی گەورە لە ئارادابن. گەورەترین گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا - ئەگەر بکرێت- بەردەوامبوونی بایەخدان بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا دەبێت، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، واتە-ئەم پرسە- تەرکیزێکی زیاتر دەبێت لە سیاسەتی ئەمریکادا، لەگەڵ کەمکردنەوەی وجودی ئەمریکا لە ئەفغانستان، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پرۆسەیە خێرا بکرێت. لە گۆڕانی کەسایەتیەکانیشدا، زۆربەی چاودێران پێیانوایە سیناتۆر کیری کەمتر پشتیوانی دەستێوەردانی دەرەکی دەکات بە بەراورد لەگەڵ هیلاری کلینتۆن، و ئەگەر هێگلیش بوو بە وەزیری بەرگری ئەوا ئەرکی کەمکردنەوە هێزەکانی ئەمریکای لە ئەفغانستان پێدەسپێردرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کەمتر یان زیاتر ڕەوتەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، هەروەها ئەو پارە و داهاتەی ئەمریکا لە توانایدایە تەرخانی بکات بۆ شەڕ بەرەو داکشان چووە. ئەمەش تا ڕاددەیەك بە مانای ئەوە دێت کە تەرکیزی زیاتر لەسەر دیپلۆماسیەت نەك هێزی سەربازی دەکرێت. پێموانییە هیچ کەسێك باوەڕی وابێت دیپلۆماسی بە تەنیا چارەسەری کێشەی تیرۆریزم دەکات، ئیدارەی ئۆباما شێوازێکی ئینتیقائی هەبووە لەبەکارهێنانی هێزدا لە دژی تیرۆریزم، بە تایبەتی بەکارهێنانی فرۆکەی بێفرۆکەوان. لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدانیم دەست لە بەکارهێنانی هێز هەڵبگرن کاتێك پێیانوایە هەڕەشەی تیرۆر هەیە، بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە کردەوەیەکی سەربازی گەورە- لە ئاستی شەڕدا- بە چەشنی ئەوەی لە عێراق یان ئەفغانستان بینیمان، یاخود کردەوەیەکی سەربازی نەشتەرگەر ئاسا- هەروەك ئەوەی هەندێ لە هەڵۆکان پێیان باشە بکرێت- لە دژی ئێران ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە عێراق سیاسەتی ئەمریکا بریتی بوو لە جاڕدانی سەرکەوتن و جێهێشتنی وڵاتەکە ئەگەرچی بارودۆخەکەش باش نەبێت، ئەمریکا عێراقی جێهێشت، دووبارە بارودۆخەکە بەرەو پشێوی سەریکێشا. و ئێستاش دەمانەوێت ئەم کارە لە ئەفغانستاندا بکەین و بانگەشەی ئەوە بکەین ئەم وڵاتە توانای پاراستنی ئاسایش و نیزامی هەیە و ئەو وڵاتە جێبهێڵین. بەشێوەیەکی گشتی پێموانیە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر بارودۆخەکەدا بهێنێت. پێناچێت ئەمە لە ئەردەن یان سعودیە ڕووبدات کە وا لە ئەمریکا بکات پشتیوانی موعارەزە بکات وەك ئەوەی لە لیبیادا کردی، یاخود تا ڕاددەیەك لە سوریادا دەیکات. پێموایە گومان هەیە لە توانای ئەمریکا لە ڕاگرتنی ڕوودانی گۆڕانکاری لەم حکومەتانەدا- ئەگەر خوازیاری کارێکی لەم چەشنە بێت-، بەڵکو پتر مەسەلەکە پەیوەستە بە خۆگونجاندنەوە. تەواوی دیاردەی بەهاری عەرەبی ڕەنگدانەوەی ئەو گرژی و ناکۆکییەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە نێوان بەرژەوەندییە بازرگانیەکان، کە هەندێ جار لەگەڵ بوونی ئەو ڕژێمانەدا دەگونجێت کە تا ڕاددەیەك سەرکوتکارن.



**گەورەترین گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا - ئەگەر بکرێت- بەردەوامبوونی بایەخدان بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا دەبێت، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا**




# وەفایەک بۆ بیراند



خاڵی سەرەتای ناسینی محەمەد عەلی بیراند لەلایەن گۆڤاری گوڵانەوە زۆر پێش ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانە، هەروەها پێش دامەزراندنی دیالۆگی راستەوخۆی نێوان رۆشنبیرانی تورکیا و هەرێمی کوردستانیشە، واتە ساتەوەختەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧، ئەو کاتەی کە بیراند بوێرانە لەسەر رووپەری رۆژنامەی میللیەت بەزمانی تورکی و لەسەر لاپەڕەکانی تورکیش دەیلی نیوزەوە بە ئینگلیزی، کۆمەڵێک وتاری بڵاو دەکردەوە، ناوەندەکانی تورکیا ناواخنی وتارەکانی بیراندیان پێ هەرس نەدەکرا، بیراند ئەو کات بە هاووڵاتیانی تورکیای رادەگەیاند چارەسەری کێشەی کورد تەنیا بەرێگەی ئاشتی و دیالۆگ مەیسەر دەکرێت و رێگەی بوون بە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بە دیاربەکری گەورەترین شاری کورددا تێدەپەڕێت، ئەوکات ئێمە لە گۆڤاری گوڵان پێمان وابوو ئەو پەیامەی کە ئاڕاستەی نەتەوەکەی خۆی دەکات، بۆ ئێمەش هەمان قسە دەکات، بۆیە ئەوکات گۆڤاری گوڵان بڕیاریدا سەردانی تورکیا بکات و لەنزیکەوە دیمانەیەک لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەنووس و هزرڤانە بکات، بەڵام کە دیمانەکە تەواو بوو، هەستمانکرد ئەو رەخنانەی کە ئاڕاستەی نەتەوەکەی خۆی کردبوو، بەهەمان شێوە ڕەخنەشی لەسەر ئێمە هەبوو، ئەو دەیەویست سەرەتا رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانی هەردوو نەتەوە لە چوارچێوەی تێڕوانینی تورکانە بۆ کورد و تێڕوانینی کوردانە بۆ تورک بێنە دەرەوەو بە دیدیکی مرۆڤ دۆستانەوەو بە دیدی دوو نەتەوە کە بەرژەوەندی و مێژووی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، دیالۆگ لەگەڵ یەکتری دەست پێبکەین، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە سەرەتاوە وەک گۆڤاری گوڵان هەندێک بە حەزەرەوە لەگەڵ رەخنەکانی بیراند مامەڵەمان دەکردو لەگەڵ ئەوەشدا لێدوان و دیمانەکانی وەک خۆی لە گوڵان بڵاودەکرانەوە، بەڵام پێمان خۆش بوو کاتێک قسە بۆ گوڵانیش دەکات، تەنیا ئەو رەخنانە بگرێت کە ئێمە حەزمان پێدەکرد، بەڵام دواترو لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی ڕەوتی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بۆمان دەرکەوت کەئەم رۆژنامەنووسە گەورەیە لە چ ژینگەیەکی سیاسیی هەستیاردا هەنگاوی بۆ پرۆژەیەکی وەها گەورە هەڵگرتووە، کە دامەزراندنی دیالۆگ بووە لەنێوان دوونەتەوەدا کە نەتەوەی تورک و نەتەوەی کورد بووە، بیراند کاتێک دەستی بە نووسینە بوێرەکانی لە رۆژنامەکانی تورکیادا کرد، لە ناو ئەدەبیاتی نووسینی رۆژنامەوانی تورکیادا نەدەبوو وشەی کوردستانی عیراق بەکاربهێنرێت، نەدەکرا وشەی ئیدارەی کوردی لە عیراقدا بەکار بهێنرێت، بەڵام بەهەوڵی بوێرانەی بیراند و پۆلێک لە رۆژنامەنووسانی بوێری هاوەڵی خۆی، ئەو ترسەیان نەک هەر شکاند، بەڵکو وەک لەدوایین دیمانەیدا لەگەڵ گوڵان کە لەرۆژی ٢٠١٢/١٢/٣١ بڵاومانکردۆتەوە(تەنیا دوو هەفتە پێش کۆچی دواییەکەی) ڕاشکاوانە ئەوەی پێ ڕاگەیاندین (لەوانەیە تورکیا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دان بەسەربەخۆیی کوردستانی عیراقدا بنێت) ئەم بوێرییەی بیراند کە ئەمجارەش زۆر پێش گۆڕانکارییەکان کەوتووە، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە هیچ دوورنییە سبەینێ کوردستانی عیراق جاڕی سەربەخۆیی خۆی بدات، تورکیا وەک دەوڵەتێکی هاوسێ ئەم سەربەخۆبوونە بناسێنێت، هەربۆیە کاتێک هەفتەی رابردوو هەواڵی لەناکاو نەخۆشکەوتنی ئەم رۆژنامەنووسە گەورەیەی تورکمان بیست، دوایین وتاری ئەو رۆژنامەنووسەمان دەخوێندەوە کە لەسەر گەڕانەوەی تەرمی ئەو سێ کوردەی لە پاریس تیرۆرکران بۆ دیاربەکر نووسیی بووی، بیراند لەو وتارەیدا کە دوایین وتارە کە کەمتر لە ٢٤ سەعات لەمردنەکەی نووسیوویەتی خەمی ئەوەی بووە پۆلیس نەتوانێ ئارامی دیاربەکر بپارێزێت و لەو بۆنەیەدا ئاژاوەیەک دروست بێت، هەر بۆیە کاتێک لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە سەیری رێوڕەسمی گەڕانەوەی ئەو تەرمانەمان لەدیاربەکر دەکرد، لە نکاوێکدا نووسرا محەمەد عەلی بیراند کۆچی دوایی کرد، هەموو ستافی گوڵان پێکەوە راچڵەکین، هەستمان کرد هاوکارێکی نزیکمان کۆچی دوایی کردووە، بە بۆنەی ئەم کۆچە ناوادەیەی هاوکارمان محەمەد عەلی بیراندی دڵسۆزو خەمخۆرەوە، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەکەی و هاوڕێیانی و تەواوی ئەو رۆژنامەنووسانە دەکەین کە بڕوایان بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی نێوان نەتەوەکان و بڕواشیان بەوە هەیە کە دەبێت دیالۆگی راستەقینە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەکاندا دروست بێت، بۆ ئەوەی گیانی بوغزو کینە بگۆڕدرێت بۆ گیانی خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی مرۆیانە، هەروەها داوا لە پەروەردگاری دلۆڤان دەکەین بە بەهەشتی بەرینی خۆیی شاد بکات.

( انا لله و انا الیه راجعون)

گوڵان